DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.359

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ڕوومالّی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق لە ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییە عێراقییەکاندا ماڵپەڕەکانی (Kurdistan٢٤ و العراقية الإخبارية) بە نموونە

م.ی.ئەرکان جەبار محەمەد

بەشی تەکنیکی میدیا - پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی - زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی - عێراق

arkan.mohammed@spu.edu.iq

## پوختە:

ئامانجی ئـەم توێژینەوەیـە بەمەبەسـتی هەڵسـەنگاندن و شـیکاریکردنە لـە ڕووماڵکردنـی هەواڵـی ڕێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق لەسـاڵی ٢٠٢٣دا، وەکـو پرسـێکی سیاسـی لـە ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵـی ئاسـمانیی (Kurdistan٢٤)ی کـوردی و (العراقيـة الإخباريـة)ی عەرەبـی، کـە تیایـدا لەچوارچێـوەی جـۆری توێژینـەوە وەسـفییەکاندا، میتـۆدی ڕووپێـوی نـاوەڕۆک و بـە بەکارهێنانـی ئامـرازی فۆرمـی شـیکردنەوەی نـاوەڕۆك جێبەجێکـراوە، بـۆ زانینـی ناوەڕۆکـی ئـەو پەیامـە میدیاییانـەی کـە لـە ژانـری هەواڵـدا ئـەو پرسـەیان خستۆتەڕوو. ئەویـش لـە ڕێگـەی وەرگرتنـی سـامپڵێکی ناهەڕەمەکـی مەبەسـتدار لـە تـەواوی هەواڵـە سیاسـییە بڵاوکراوەکانـی ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵەکـە لـە مانگـی نیسـانی سـاڵی ٢٠٢٣دا کـە ژمارەکـەی بریتییـە لـە (١٧١) هەواڵـی پەیوەسـت بـەو ڕێککەوتنـە. لـەو سـۆنگەیەوە توێژینەوەکـە گەیشـتۆتە کۆمەڵێـك دەرئەنجام لەوانـە: هـەردوو ماڵپەڕەکـە جیـاوازن لـە ڕووماڵکردنـی پرسـی ڕێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێراقـدا و بەشـێوەیەکی بنکۆڵکاریـی و قـووڵ ڕوومالّـی ڕووداوە سیاسـییە گرنگـەکان ناکـەن و تەنیـا بـە ڕووکەشـی پـەی بـە پرسـەکان دەبـەن، بەشـێوەیەک ماڵپـەڕی کەناڵـە کوردییەکـە ناوەڕۆکـی ڕێککەوتنەکـەی بـە بابەتـی بودجـە و مووچـە و ناردنـی شایسـتە داراییەکانـی هەرێـم ئەبەسـتێتەوە، بـە پێچەوانـەوە ماڵپـەڕی کەناڵـە عێراقییەکـە ئامانجـی ڕێککەوتنەکـە بـە ڕادەسـتکردنی نەوتـی هەرێـم بـە ناوەنـد چـڕ ئەکاتـەوە، هـاوکات ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵەکـە لـە گەیاندنـی وردەکاریـی زانیارییەکانـی نێـو ڕێککەوتنەکـەدا، بایەخێکـی زۆر بـە جـۆری ڕووماڵکردنـی بەدواداچـوون و ئاوێتـە ئـەدەن، لەلایەکـی تـرەوە هـەردوو ماڵپەڕەکـە سـوودیان لـە کەرەسـتە میدیاییـە نوێیەکانـی وەک (گرافیـک و ڤیدیـۆ و فۆتـۆ ئەلبـوم) نەبینیـوە، لـە ڕووماڵکردنـی هەواڵـی ڕێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق دا.

**کلیلە وشەکان: ڕووماڵکردنی میدیایی، هەواڵی سیاسی، ماڵپەڕی هەواڵیی، ڕێککەوتنی هەرێم و بەغدا**

Recieved: 16/10/2023
Accepted: 12/11/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

لە دوای ساڵی ٢٠٠٧وە، بەردەوام پرسی نەوت لە خاکی هەرێمی کوردستان دا، جێگای ململانێی سیاسی توندی نێوان هەرێم و عێراقە و هەردوولا بە خوێندنەوەی جیاواز بۆ برگەکانی دەستووری عێراق، یاساییبوون یان نایاساییبوونی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت لە هەرێم ئەسەلمێنن، لەساڵی ٢٠١٤دا بازنەی ململانێ سیاسییەکانی نێوان هەرێم و عێراق لەبارەی ئەو پرسەوە، گەیشتە لوتکە و حکومەتی عێراق تەواوی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانی بڕی، لەو ساڵەشەوە چەندین گەڕی دانوستان و تەنانەت رێککەوتنی سیاسی لەنێوان هەردوولادا لەبارەی چارەسەرکردنی دۆسێی نەوتی هەرێم و پرسە هەڵپەسێراوەکانی تر بەڕێوەچوو، بەبێ ئەوەی ئەنجامێکی ئەوتۆی هەبێت، بەڵام لە سەرەتای مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٢٣دا، هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق رێککەوتنێکی جیاوازیان لەبارەی نەوت و پرسە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان واژۆ کرد، بەشێوەیەک رێککەوتنەکە لەکاتێکدا بوو، بە بڕیاری دادگای ناوبژیوانیی پاریس، هەناردەی نەوتی هەرێم قەدەغەکرا، لەو سۆنگەیەوە بیرۆکەی ئەم توێژینەوەیە گەڵاڵە بوو، بەمەبەستی بەدواداچوون و ئاشکراکردنی ئاست و شێوە جیاوازی رووماڵکردنی ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییە عێراقییەکان وەکو یەکێک لە ئامرازە کاریگەرەکانی دیجیتاڵ میدیا، بۆ هەواڵی رێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق لەساڵی ٢٠٢٣دا وەک پرسێکی سیاسی و ئابووری، ئەویش لە رێگەی بەکارهێنانی ئامرازی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ ئەو هەواڵانەی کە پەیوەستن بە رێککەوتنە سیاسییەکەی نێوان هەردوولاوە، بۆ ئەو مەبەستە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (Kurdistan٢٤)ی کوردی و (العراقية الإخبارية)ی عەرەبی دیاریکراون، بەمەبەستی شیکردنەوەی هەواڵی رێککەوتنەکە و زانینی شێوەی رووماڵکردنی ئەو پرسە.

لەو چوارچێوەیەدا، ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی، بە یەکێک لە ئامرازە کاریگەرەکانی دیجیتاڵ میدیا دائەنرێت لە پرۆسەی رووماڵکردنی میدیاییدا، بەوپێیەی بەرهەمهێنانی هونەرە رۆژنامەوانییەکان لە میدیای ئەلیکترۆنیدا، بە خێرایی جێبەجێ ئەکرێن و لە رێگەی ئەپەکانی مۆبایلی زیرەک و کۆمپیوتەرەوە، بە ژمارەیەکی فراوانی جەماوەر دەگات، بەو هۆیەوە زۆربەی کەناڵە میدیاییە هەواڵییەکان، گرنگییەکی زۆر بە ماڵپەڕەکانیان ئەدەن، لە گواستنەوە و رووماڵکردنی هەواڵ و رووداوەکاندا، بۆیە توێژەر دەیەوێت لە رێگەی ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکانەوە وەکو بەشێکی گرنگی دیجیتاڵ میدیا، بگات بە ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوەکەی.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدنامەی توێژینەوە:

### ١- کێشەی توێژینەوەکە:

دیاریکردنی کێشە، بە هەنگاوی یەکەمی هەموو توێژینەوەیەکی زانستیی لەقەڵەم ئەدرێت، ئەو کێشەیەش ئەبێت بە دەستپێکێکی لۆژیکی بۆ دیاریکردنی رێڕەوی توێژینەوە، ئەگەر کێشەی توێژینەوە بریتی بێت لە دۆخێکی تەمومژاوی، ئەوە لە رووی زانستییەوە پێویستی بە وردبوونەوە و هەڵوەستە لەسەرکردن ئەبێت، بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە ناڕوونی ناوەڕۆکی ئەو هەواڵانە ئەبینێتەوە کە پەیوەستن بە رێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق لەساڵی ٢٠٢٣دا و لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (Kurdistan٢٤)ی کوردیی و (العراقية الإخبارية)ی عەرەبیی دا پەخشکراون لە رووی بابەت و شێوەی سازاندن و رووماڵکردنەوە، بە واتایەکی تر ئەم توێژینەوەیە هەوڵ ئەدات رۆشنایی بخاتە سەر لایەنێك لە هەواڵەکانی ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکەدا،

تـا بزانرێـت چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ رووماڵـی هەواڵـی رێککەوتنـە سیاسـییەکەی نێـوان هەرێـم و عێـراق ئەکرێـت، لـەو چوارچێوەیـەدا پرسـیاری سـەرەکیی ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـە: (چـۆن رووماڵـی هەواڵـی رێککەوتنەکـەی نێـوان هەرێـم و عێـراق لـە ماڵپـەڕی کەناڵـە ئاسـمانییە عێراقییـەکان دا ئەکرێـت؟)، دواتـر توێـژەر چەنـد پرسـیارێکی لاوەکـی ئەخاتـەڕوو بـەم شـێوەیە:

١- ئـەو بابـەت و پرسـانە چیـن کـە لـە چوارچێـوەی رێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق لـە ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵـی (Kurdistan٢٤) و (العراقیـة الإخباریـة)دا تاوتـوێ ئەکرێـن؟

٢- گرنگتریـن ئـەو سـەرچاوە رۆژنامەوانییانـە چیـن کـە بـۆ رووماڵکردنـی هەواڵـی رێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق لـە ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵەکـەدا پشـتی پـێ ئەبەسـترێت؟

٣- کام جـۆری رووماڵکردنـی هـەواڵ لـە پرسـی رێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق لـە ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵـەدا بەکارئەهێنرێـت؟

٤- شـێوازی بڵاوکردنـەوە یـان ئـەو کەرەسـتە میدیایانـە چیـن کـە لـە رووماڵکردنـی هەواڵـی رێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق لـە ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵـەدا بەکارئەهێنرێـن؟

٥- تـا چەنـدە هاوسـەنگیی لـە رووماڵکردنـی هەواڵـی رێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق لـە ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵـەدا ئەپارێزرێـت؟

٦- جیـاوازی لـە نێـوان ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵـە عێراقییەکـەدا چییـە لـە رووماڵکردنـی هەواڵـی رێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق؟

## ٢- گرنگی توێژینەوەکە:

- گرنگـی پراکتیکـی: ئـەم توێژینەوەیـە بەرچاورووونییەداتـە ماڵپـەڕی کەناڵـە ئاسـمانییە عێراقییـەکان، بەمەبەسـتی بەئاگابـوون لـە شـێوەی رووماڵکردنـی هەواڵـە سیاسـییەکان و بـە تایبـەت پرسـی رێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق و ئـەو کەلێنانـەی بوونیـان هەیـە لـەو بـوارەدا، تـا بـە ئاگایـی زیاتـرەوە رووماڵـی ئـەو هەواڵانـە بکـەن، هەروەهـا لایەنـە بەرپرسـەکان بـە ئـاگا ئەهێنێتـەوە تـا بەرچاوڕوونییـان هەبێـت، سـەبارەت بـە شـێوازی مامەڵەکردنـی ماڵپـەڕی کەناڵـە ئاسـمانییەکان لەگـەڵ ئـەو جـۆرە هـەواڵ و پرسـانە و لێکەوتەکانیـدا.

- گرنگیـی زانسـتیی: ئـەم توێژینەوەیـە ئەبێتـە سـەرچاوەیەکی زانسـتیی بـۆ کتێبخانـەی ئەکادیمـی زانکـۆکان، کـە بوارەکانـی میدیـا و زانسـتیی سیاسـی لێـی سـوودەمەند ئەبـن، بەتایبەتـی لایەنـی شـیکاری کـە ئەکرێـت ببێتـە پێودانگێـك بـۆ هەڵسـەنگاندنی هەواڵـی سیاسـی بـۆ توێژەرانـی ئاینـدە.

## ٣- ئامانجەکانی توێژینەوە:

١- زانینـی ئـەو بابـەت و پرسـانەی کـە لـە چوارچێـوەی رێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق لـە ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵـی ئاسـمانیی (Kurdistan٢٤) و (العراقیـة الإخباریـة)دا تاوتـوێ ئەکرێـن.

٢- دیاریکردنـی گرنگتریـن ئـەو سـەرچاوانەی کـە بـۆ رووماڵکردنـی هەواڵـی رێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق لـە ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵەکـەدا پشـتی پـێ ئەبەسـترێت.

٣- دۆزینـەوەی دیارتریـن جـۆری رووماڵکردنـی هـەواڵ لەلایـەن ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵەکـەوە، لـە رووماڵکردنـی

بابەتـی ڕێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق.

٤- زانیینـی شـێوازی بڵاوکردنـەوە یـان ئـەو کەرەسـتە میدیایانـەی کـە لـە ڕووماڵکردنـی هەواڵـی ڕێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق لـە هـەردوو ماڵپەڕەکـەدا بەکارئەهێنرێـن.

٥- زانیینـی هاوسـەنگیی لـە ڕووماڵکردنـی هەواڵـی ڕێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق لـە لـە ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵەکـەدا.

٦- خسـتنەڕووی جیاوازییەکانـی نێـوان ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵەکـە، لـە ڕووماڵکردنـی هەواڵـی ڕێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق.

## ٤- جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

ئـەم توێژینەوەیـە ئەچێتـە چوارچێـوەی توێژینـەوە وەسـفییەکان (Descriptive Studies) کـە ئامانجیـان وێناکـردن و شـیکاریکردن و هەڵسـەنگاندنی تایبەتمەندێتییەکانـی پەیوەسـت بـە سروشـتی دیاردەیـەك یـان هەڵویسـتێك یاخـود کۆمەڵێـك بارودۆخـە، بەمەبەسـتی بەدەسـتهێنانی زانیاریـی پێویسـت. تیایـدا بـە پشتبەسـتن بـە میتـۆدی ڕووپێـوی و جێبەجێکردنـی شـێوازی ڕووپێـوی نـاوەڕۆك، هــەوڵ ئەدرێـت بـگات بـە داتـا و زانیارییەکانـی تایبـەت بـە ناوەڕۆکـی هەواڵـی ڕێککەوتنـە سیاسییەکەی نێـوان هەرێـم و عێـراق لەساڵی ٢٠٢٣دا لـە ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵـی (Kurdistan٢٤) و (العراقیــة الإخباریــة).

## ٥- کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:

- کۆمەڵگـەی توێژینـەوە: کۆمەڵگـەی ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـە هەواڵـە سیاسـییەکانی تایبـەت بـە بارودۆخـی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان لـە ماڵپـەڕی کەناڵـە ئاسـمانییە هەواڵەییەکانـی عێراقـدا، کـە تیایـدا ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵـی (Kurdistan٢٤) و (العراقیـة الإخباریـة) وەك نموونـە وەرگیـراون. پاسـاوەکانی وەرگرتنـی ئـەو دوو ماڵپـەڕە بـۆ ئـەوە ئەگەڕێتـەوە، کـە خاوەنداریێتـی دامـەزراوەی میدیایـی (Kurdistan٢٤) ئەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرۆکی حکومەتـی هەرێـم، ئەمـە جگـە لـەوەی ماڵپـەڕی ڕەسـمی حکومەتـی هەرێـم (KRG)، وەکـو ماڵپەڕێکـی هەواڵەیـی ڕووماڵـی چالاکییەکانـی حکومـەت نـاکات و لـە مـاوەی وەرگرتنـی سـامپڵی توێژینەوەکـەدا، تەنیـا یـەک هەواڵـی لەبـارەی ڕێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێراقـەوە بڵاوکردۆتـەوە، بۆیـە توێـژەر پەنـا بـۆ ماڵپـەڕی کەناڵـی (Kurdistan٢٤) ئەبـات کـە ڕووماڵکردنـی هـەواڵ و چالاکییەکانـی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێـم، لـە پێشـینەی کارەکانێتـی.

هـاوکات ماڵپـەڕی کەناڵـی (العراقیـة الإخباریة)یـش کە سـەر بە تـۆڕی میدیایـی عێراقە، ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن ئەنجومەنی وەزیرانـی عێراقـەوە بەڕێوەئەبرێـت، بۆیـە ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵەکـە گوزارشـت لـە سیاسـەت و بەرژەوەندییەکانـی هـەردوو حکومـەت ئەکـەن و زیاتـر لەهـەر میدیایەکـی تـر، ڕووماڵـی هـەواڵ و زانیارییەکانیـان ئەکـەن.

- سـامپڵی توێژینـەوە: سـامپڵی ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـە سـامپڵێکی ناهەڕەمەکـی مەبەسـتدار بەشـێوەی گەمـارۆی گشـتگیر بـۆ هەواڵەکانـی تایبـەت بـە ڕێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق لـە ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵەکـەدا، بەدرێژایی مانگـی نیسـانی سـاڵی ٢٠٢٣، واتـا (٣٠) ڕۆژی تـەواوی مانگەکـە، ژمـارەی سـامپڵی توێژینەوەکـەش بریتییـە لـە (١٧١) هەواڵـی تایبـەت بـە ڕێککەوتنەکـەی نێـوان هەرێـم و عێـراق لەهـەردوو ماڵپەڕەکـەدا. هـۆکاری دیاریکردنـی مانگـی نیسـانی سـاڵی ٢٠٢٣-یـش، بـۆ ئـەوە ئەگەڕێتـەوە کـە لـە ڕۆژی ٤ی ئـەو مانگـەدا، ڕێککەوتنەکـەی نێـوان هەرێـم و

عێـراق بـە رەسـمی واژۆکـرا و زۆرتریـن رووماڵـی ئـەو هەواڵـەش بـە درێژایـی ئـەو مانگـە لـە هـەردوو ماڵپەڕەکـەدا کـراوە.

## ٦- بوارەکانی توێژینەوەکە:

- بـواری کات: لـە (٢٠-٦-٢٠٢٣) بـۆ (١٠-٨-٢٠٢٣)، واتـا ئـەو ماوەیـەی کـە توێـژەر لایەنـی شـیکاریی توێژینەوەکـەی جێبەجێکـردووە.

- بواری شوێن: هەرێمی کوردستان و عێراق.

- بـواری بابـەت: سـەرجەم ئـەو بابەتانـەی کـە لـە چوارچێـوەی هەواڵەکانـی هـەردوو ماڵپـەڕی کەناڵـە ئاسـمانییە عێراقییەکـەدا بڵاوکراونەتـەوە و پەیوەسـتن بـە پرسـی رێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێراقـەوە.

## ٧- توێژینەوەکانی پێشوو:

- توێژینـەوەی مـروان یوسـف شـحاذة (٢٠١٩)، بەناونیشـانی: التغطيـة الإخباريـة للأزمـة الخليجيـة في قنـاتي الجزيـرة و سـكاي نيـوز العربيـة (دراسـة تحليليـة)، ئـەم توێژینەوەیـە هـەوڵ ئـەدات کۆمەڵێک ئامانج بهێنێتەدیـی لەوانـە: زانیینی لایەنگیریـی هـەردوو کەناڵەکـە لـە رووماڵکردنـی قەیرانـی سیاسـی لـە کەنـداو، هەروەهـا دیاریکردنـی گرنگتریـن ئـەو بابەتانـەی کـە لەچوارچێـوەی قەیرانـی کەنـداودا رووماڵکـراون، لەگـەڵ زانیینـی سـەرچاوەکان لـە رووماڵکردنـی ئـەو پرسەدا.

ئـەم توێژینەوەیـە دەچێتـە چوارچێـوەی توێژینـەوە وەسـفییەکان کـە میتـۆدی رووپێـوی شـیکردنەوەی ناوەڕۆکـی بەکارهێنـاوە، لـە رێگـەی ئامـرازی فۆرمـی شـیکردنەوەی نـاوەڕۆک بـۆ هەواڵـی ئـەو دوو کەناڵـە تەلەفیزیۆنییـە، دواتـر ٤٠ ئەلقـەی دوو پرۆگرامـی کەناڵەکـەی وەک نموونـە پشـکنیین (سـامپڵ) وەرگرتـووە. لـە گرنگتریـن دەرئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە: هـەردوو کەناڵـە بـە ئاسـتی جیـاواز نەیانتوانیـوە لایەنگیریـی لـە رووماڵکردنـی هـەواڵ و زانیارییەکانـی ئـەو پرسـە بپارێـزن و هاوسـەنگ بـن لـە رووماڵکردنـی، هەروەهـا بابەتـی ململانێـی سیاسـی نێـوان عەرەبسـتانی سـعودی و قەتـر، گرنگتریـن ئـەو پرسانەن کـە ئـەو دوو کەناڵـە لەچوارچێـوەی قەیرانـی کەنـداودا رووماڵیـان کـردووە. هەروەهـا سـەرچاوەی فەرمیـی لـە پێشـەوەی هەمـوو سـەرچاوە رۆژنامەوانییەکانـی تـرەوەن، لـە رووماڵکردنـی ئـەو قەیرانـەدا.

- توێژینـــەوەی Hatem Alawneh & Areen Al-Zou'bi (٢٠١٩)، بـە ناونیشـانی: Coverage Framing of Arab Affairs in Oriented Channels Websites in Arabic: Comparative Analytical Study of BBC And DW New Websites، ئامانجـی ئـەم توێژینەوەیـە چڕ ئەبێتـەوە لـە ناسـاندنی گرنگتریـن ئـەو بابەتانـەی کـە لـە ماڵپـەڕە هەواڵییـە بیانییەکانـدا لەبـارەی بارودۆخـی سیاسـیی وڵاتانـی عەرەبیـی رووماڵ کـراون، هەروەهـا زانیینـی ئـەو سـەرچاوانەی کـە ماڵپـەڕە بیانییـەکان بـۆ رووماڵکردنـی میدیایـی پشـتیان پێبەسـتووە، لەگـەڵ دیاریکردنـی جـۆری لـە چێوەدانـی میدیایـی بەکارهێـنراو لەلایـەن ئـەو ماڵپەڕانـەوە لەبـارەی ئـەو پرسـەوە.

توێژینەوەکـە میتـۆدی رووپێـوی بەپشتبەسـتن بەشـێوازی شـیکردنەوەی ناوەڕۆکـی بەراوردکاریـی بەکارهێنـاوە و سـێ مانگـی سـاڵی ٢٠١٧ی لـە چیرۆکـە هەواڵـە بڵاوکراوەکانـی هـەردوو ماڵپـەڕی (BBC)ی بەریتانـی و (DW)ی ئەڵمانـی وەک سـامپڵی توێژینەوەکـە وەرگیـراوە، کـە قەبارەکـەی (١٢٠٠) بەرهەمـی میدیایـی بـووە، توێژینەوەکـە

گەیشتۆتە ژمارەیەک دەرئەنجام کە گرنگترینیان: بە رێژەی (٥١,٤٪) ئاژانسی دەنگوباسە جیهانییەکان گرنگترین سەرچاوەی ئەو دوو ماڵپەڕەن، هاوکات بە رێژەی (٤٤,٨٪) راپۆرتە هەواڵ لە سەرەکییترین هونەرە رۆژنامەوانییە بەکارهێنراوەکانن لەو دوو ماڵپەڕەدا، دواتر بە رێژەی (٤٣,٩٪) بەشی زۆری بەرهەمە میدیاییەکانی ئەو دوو ماڵپەڕە ئەچنە جۆری چێوەی ململانێوە.

- توێژینەوەی Yosra Jarrar, Tutku Akter (٢٠١٨)، بە ناونیشانی: Framing the Egyptian Uprising by Pan Arab News Networks: Tracing the Protest Paradigm in Al-Jazeera and Al-Arabiya coverage of Egyptian Protests from June ٢٠١٣ to June ٢٠١٤ A Comparative Study، ئەم توێژینەوەیە لە رێگەی تیۆری شیکردنەوەی لە چێوەدانی میدیاییەوە، هەوڵ ئەدات جۆری لەچێوەدانی بەکارهێنراو لە رووماڵکردنی شۆڕشە جەماوەرییەکەی وڵاتی میسر لەساڵانی نێوان ٢٠١٣ و ٢٠١٤ لەلایەن هەردوو تۆڕی هەواڵی ئەلجزیرە و ئەلعەرەبییەوە بناسێنێت، هەروەها چاودێری گرنگترین لایەنە جیاوازەکانی نێوان ئەو دوو تۆڕە لە رووماڵکردنی ئەو پرسەدا بکات.

توێژینەوەکە لە رێگەی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکەوە، (٣٢٥) هەواڵی ماڵپەڕی هەردوو تۆڕەکەی وەک سامپڵ وەرگرتووە و دواتر گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێک کە گرنگترینیان بریتییە لە: ماڵپەڕی هەردوو تۆڕی هەواڵی ئەلجزیرە و ئەلعەرەبییە، بەشێوەیەکی جیاواز لەچێوەدانی میدیاییان لە رووماڵکردنی ئەو پرسە سیاسییەی میسر بەکارهێناوە، هاوکات هەردوو ماڵپەڕەکە لایەنداری لە رووماڵکردنیاندا هەیە و سیاسەت و ئایدۆلۆجیای پشتی هەردوو دامەزراوەکە بە روونیی بە هەواڵەکانیانەوە دەرکەوتووە.

- توێژینەوەی ممدوح عبداللە مکاوي (٢٠١٧)، بەناونیشانی: تغطیة مواقع القنوات الفضائیة الإخباریة الموجهة باللغة العربیة للإنتخابات الرئاسیة الأمریکیة ٢٠١٦م. توێژینەوەکە ئامانجێتی لێکچوون و جیاوازییەکانی نێوان ماڵپەڕی هەرسێ کەناڵی (بی بی سی عەرەبی) و (ئەلحورەی ئەمریکی) و (روسیا ئەلیەومی روسی) لە رووماڵکردنی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠١٦ی ئەمریکا دەربخات، هەروەها زانینی ئاستی پاراستنی هاوسەنگیی لە رووماڵکردنی ئەو هەڵبژاردنە لەنێوان ماڵپەڕەکاندا.

توێژینەوەکە ئەچێتە چوارچێوەی توێژینەوە وەسفییەکان و میتۆدی رووپێوی بە شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش خۆی لە هەواڵانەدا ئەبینێتەوە کە بە زمانی عەرەبی لەبارەی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠١٦ی ئەمریکا بڵاوکراونەتەوە، سامپڵەکەشی بریتییە لە (١٥٥٧) هەواڵی ئەو سێ ماڵپەڕە، لەگرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە: هەرسێ ماڵپەڕەکە بە جیاوازییەکی زۆر رووماڵی هەڵبژاردنەکەی ئەمریکایان کردووە و هەریەکەیان بەپێی بنەمایەکی جیاوازی تیۆریی لە چێوەدانی هەواڵ، هەواڵەکانیان بڵاوکردۆتەوە، هەروەها بەپێی رێژەی جیاواز، هەرسێ ماڵپەڕەکە توانیویانە هاوسەنگیی لە رووماڵکردنەکەیان بپارێزن.

- توێژینەوەی أحمد شیاع عاني (٢٠١٥)، بەناونیشانی تغطیة أخبار الأزمة السیاسیة العراقیة في موقعي الجزیرة و العربیة نت، ئەم توێژینەوەیە ئامانجێتی ئەرکی میدیایی ئەو دوو ماڵپەڕە بزانێت لە رووماڵکردنی هەواڵی ململانێ سیاسییەکانی عیراقدا، هەروەها ئاشکراکردنی گرنگترین ئەو بابەتانەی کە لە چوارچێوەی رووماڵی هەواڵەکانی تایبەت بە قەیرانی سیاسی عیراق لەو ماڵپەڕانەدا بڵاوکراونەتەوە.

توێژینەوەکە میتۆدی رووپێویی شیکاری جێبەجێکردووە، بە بەکارهێنانی ئامرازی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش بریتییە لە هەواڵی ململانێ سیاسییەکانی عیراق

لەو دوو ماڵپەڕەدا و لە ڕێگەی سامپڵێکی مەبەستدارەوە (١٩٠) هەواڵی وەرگرتووە. لەگرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوە: ئەرکی سەرەکیی ماڵپەڕە هەواڵەییەکانی ئەلجزیرە و ئەلعەرەبییە لە ڕووماڵکردنی هەواڵی ململانێ سیاسییەکانی عیراق بریتییە لە پێدانی زانیاری بە ڕێژەی (٤٣٪) و قەبەکردنی ململانێکان بە ڕێژەی (٣٥٪)، هەروەها پرسی داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، گرنگترین بابەتی ئەو ململانێ سیاسییانەن، کە لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا دروستبووە.

## - جیاوازی توێژینەوەی ئێستا لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو:

١- لە ڕووی بابەت و ماوەی کات و شوێنەوە، تاڕادەیەکی زۆر دوو بواری جیاوازن.
٢- لە ڕووی یەکەکانی شیکارییەوە، ئەم توێژینەوەیە زیاتر ڕۆشنایی ئەخاتە سەر ئەو یەکانەی کە پەیوەستن بە ئاگابوون لە جۆری هەواڵ و شێوەی ڕووماڵکردنی، هاوکات خۆی نەبەستۆتەوە بە تیۆرێکی دیاریکراو وەك لە هەندێك لە توێژینەوەکانی پێشوودا دەرئەکەون.
٣- پێچەوانەی توێژینەوەکانی پێشوو، ئەم توێژینەوەیە کاری شیکاریی بۆ بەرهەمی هەواڵی ماڵپەڕی دوو کەناڵی ئاسمانیی ئەکات، کە لە ڕووی زمان و ئاڕاستەی نەتەوەییەوە جیاوازن و نوێنەریی دوو دامەزراوەی حکومەت ئەکەن، کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣وە لە ململانێدان.

## - سوودی توێژینەوەکانی پێشوو بۆ توێژینەوەی ئێستا:

١- توێژەر سوود لە توێژینەوەکان وەرئەگرێت، لە بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر لەبارەی بابەتی توێژینەوەکەوە، هەروەها بەرچاوڕوونیی بە توێژەر ئەبەخشێت، لە داڕشتنی بیرۆکە و پەیکەربەندیی گشتیی توێژینەوەکە.
٢- توێژەر سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرئەگرێت لە داڕشتنی میتۆدنامەی توێژینەوەکەی، بە دیاریکراوی لە ڕووی داڕشتنی وردی کێشە و ئامانجی توێژینەوەکەوە.
٣- سوودیان ئەبێت لە داڕشتنی چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە.

## ٨- دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

- ڕووماڵکردنی میدیایی: پرۆسەیەکی میدیاییە کە ئامانج لێی دەستخستن و دۆزینەوەی هەواڵ و زانیارییە لەبارەی ڕووداو و پێشهاتەکانەوە، لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لێی پرۆسەی ڕووماڵکردنی بابەتی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراقە وەکو ڕووداوێکی سیاسی، لە ڕووەکانی چۆنێتی و شێواز و ناوەڕۆک و کارەکتەرە سەرەکییەکانی نێو ڕووداوەکە و شوێن و کاتی ڕێککەوتنەکە.
- هەواڵی سیاسی: مەبەست لێی ئەو هەواڵانەن کە زانیارییەکانی تایبەتن بە ڕووداو و دیاردە و پێشهاتە سیاسییەکان، لەسەر ئاستەکانی (ناوخۆیی، هەرێمایەتی و دەرەوە)، ناوەڕۆکی ئەو هەواڵانەش بریتین لە (چالاکییە سیاسی و دیبلۆماسییەکان، ململانێ و ڕێککەوتن و پرسە حزبیەکان).
- ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق: مەبەست لێی ئەو ڕێککەوتنە سیاسییەیە کە لە ڕۆژی ٤ی مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٢٣ لەنێوان هەرێم و عێراق بە ئامادەبوونی هەردوو سەرۆکی حکومەتی هەرێم و عێراق لەشاری بەغدا واژۆکرا، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی نەوت و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان کە لە چوار

بەندی سەرەکیی پێکدێت و بریتین لە:

١- لە ڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراقەوە (سۆمۆ)، ڕۆژانە بڕی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردە ئەکرێت.

٢- حکومەتی هەرێم نوێنەرێکی لە کۆمپانیای سۆمۆ ئەبێت، کە پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی کۆمپانیاکەی پێ ئەدرێت.

٣- لیژنەیەکی چوار کەسی لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم و وەزارەتی نەوتی عێراق پێکئەهێنرێت، کە ئەرکی سەرپەرشتییکردنی فرۆشتنی نەوتی هەرێم ئەبێت.

٤- لێکتێگەیشتن لەگەڵ کۆمپانیاکانی تایبەت بە دەرهێنان و گواستنەوەی نەوتی هەرێم ئەکرێت.

- ماڵپەڕی کەناڵی (kurdistan٢٤): یەکێکە لە بەشەکانی دامەزراوەی میدیایی kurdistan٢٤ کە بارەگای سەرەکیی لەشاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە و لە ڕۆژی ٣١ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٥ دامەزرا، بە زمانەکانی (کوردیی، عەرەبیی، ئینگلیزیی، فارسیی و تورکیی) بەرهەمە میدیاییەکانی بڵاوئەکاتەوە، خاوەندارێتی ئەم دامەزراوەیە بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئەگەڕێتەوە.

- ماڵپەڕی کەناڵی (العراقیة الإخباریة): یەکێکە لە کەناڵە میدیاییەکانی تۆڕی میدیایی عێراق کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا دامەزرێنراوە و بارەگای سەرەکیی لەشاری بەغدای پایتەختی عێراقە و بە میدیای دەوڵەت دائەنرێت و ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە سەرپەرشتی ئەکرێت، بەوپێیەی ئەرکی سەرەکیی تۆڕەکە، بریتییە لە گواستنەوە و ڕوومالکردنی چالاکییەکانی حکومەتی عێراق و دامەزراوەکانی دەوڵەت.

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە:

### - ڕوومالکردنی هەواڵ و ڕووداوە سیاسییەکان لە ماڵپەڕەکانی هەواڵدا:

### ١- ڕوومالکردنی هەواڵ:

بریتییە لە پڕۆسەی کۆکردنەوە و دەستکەوتنی داتا و زانیاریی و وردەکاریی ڕووداوەکان، بەتایبەت لە ڕووەکانی هۆکاری دروستبوونیان و کات و شوێن و چۆنێتی و شێوازی ڕوودانیان، لەگەڵ کەسایەتییە بەشداربووەکانی ڕووداوەکە، بەمەبەستی سازاندن و بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی وەک یەکێک لە ژانرە میدیاییەکان. (رقاب، ٢٠١٧: ٣١) هاوکات، لەگەڵ فراوانبوونی تەکنۆلۆجیای ئینتەرنێت لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیست و یەکدا، گۆڕانکاریی ریشەیی لە پڕۆسەی ڕوومالکردنی هەواڵدا ڕوویدا، بەجۆرێک مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکان (دەق، وێنە، ڤیدیۆ و داتا) و شێوازی سازاندن و گواستنەوە و بڵاوکردنەوەیان، ئاسانتر و خێراتر بوون و ڕوومالکردنی دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ هاتەکایەوە، ئەمە جگە لەوەی لەچوارچێوەی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاریدا، وەرگر بە وردەکاریی زانیارییە شاراوەکان ئاشناکران. (رحیمة، ٢٠٢٢: ٢٤٥)

لەکارکردنی میدیاییدا (ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن و دیجیتاڵ میدیا)، دوو جۆر لە ڕوومالکردنی هەواڵ جێبەجێ ئەکرێت، یەکەمیان بریتییە لە ڕوومالکردنی تۆمارکراو کە تایبەتە بە کۆکردنەوەی زانیاریی و وردەکاریی ڕووداوێکی دیاریکراو کە پێشر ڕوویداوە، دووەمیشیان خۆی لە ڕوومالکردنی بەرایی ئەبینێتەوە، کە پەیوەستە بە دەستکەوتن و کۆکردنەوەی زانیاریی لەبارەی ڕووداوێک کە پێشبینی ڕوودانی ئەکرێت، هاوشێوەی پێشبینیکردن بۆ سەرکەوتنی پارتێکی سیاسی لە هەڵبژاردندا. (موسی، ٢٠١٨: ١٦٣)

بەشـێوەیەکی گشـتی، پرۆسـەی رووماڵکردنـی هـەواڵ بەشـێوەیەکی سـەرکەوتووانە، هـەوڵ ئـەدات بـگات بـەو زانیارییانـەی کـە وەڵامـی شـەش پرسـیارەکە دەداتـەوە: چیـی روویـدا؟ ئـەو کـەس و کەسـایەتییانە کێـن کـە لـە رووداوەکـەدا بەشـدارن؟ لەکـوێ روویـدا؟ کـەی روویـدا؟ بۆچـی روویـدا؟ چـۆن روویـدا؟، بۆیـە پەراوێزخسـتنی وەڵامـی یەکێـک یـان زیاتـر لـەو پرسـیارانە، بـە رووماڵکردنێکـی لاواز و کەموکـورت دائەنرێـت. (العـواك، ٢٠١٦: ٥٦)

## ٢- جۆرەکانی رووماڵکردنی هەواڵ:

زۆربـەی توێـژەران لـە رووی نـاوەڕۆک و شـێوەوە، لەسـەر چەنـد جۆرێـک لـە رووماڵکردنـی هـەواڵ کۆکـن کـە بریتیـن لە :

أ- لە رووی کاتەوە: (احمد، ٢٠٠٦: ١٠٧)

- رووماڵکردنـی بەپەلـە: بریتییـە لـە رووماڵکردنـی رووداوێکـی بەپەلـە و لەنـاکاو کـە پێشـبینی روودانـی ناکرێـت، ئـەم جـۆرە لـە زمانـی هەواڵـدا، بـە هەواڵـی بەپەلـە نـاسراوە و زۆرکات لەچوارچێـوەی گەشـتی هەواڵەکانـدا پەخـش و بڵاوئەکرێتـەوە.

- رووماڵکردنـی بەرایـی: ئـەم جـۆرە رووماڵکردنـە گرنگـی بـە دەستخسـتنی زانیاریـی و وردەکاریـی رووداوێـک ئـەدات کـە پێشـبینی روودانـی ئەکرێـت و زۆرکات لـە پێـش روودانـی، سـەرەداوەکانی دەرئەکـەون.

- رووماڵکردنـی تۆمارکـراو یـان راپۆرتـی: بریتییـە لـەو رووماڵکردنـەی کـە بایـەخ بـە دەسـتکەوتنی وردەکاری زانیارییەکـی دیاریکـراو ئـەدات لەبـارەی رووداوێـک کـە روویـداوە، وەک کارەسـاتە سروشـتییەکان و قەیرانەکانـی حکومـەت و رووداوە تیرۆریسـتییەکان.

- رووماڵکردنـی بەدواداچـوون: ئامانجـی ئـەم رووماڵکردنـە بریتییـە لـە بەدواداچـوون بـۆ رووداوەکان و ئـەو پێشـهات و کاردانەوانـەی کـە دروسـتیکردووە و دواتـر مامەڵـە لەگـەڵ کاریگەرییەکانـی ئـەکات.

ب- لە رووی شێوەوە: (البدراني، ٢٠١٥: ٣٢)

- رووماڵکردنـی سـادە: ئـەم جـۆرە لـە رووماڵکردنـی هـەواڵ، گرنگـی بـە وەسـفکردنی تەنیـا رووداوێکـی دیاریکـراو ئـەدات، لەگـەڵ خسـتنەڕووی ئـەو هـۆکار و بارودۆخانـەی کـە بوونەتـە هـۆی دروسـتبوونی.

- رووماڵکردنـی ئاوێتـە: ئـەم جـۆرە رووماڵکردنـە لـەوەی پێشـتر جیـاوازە، بەوپێیـەی لەیـەک کاتـدا رووماڵـی زیاتـر لـە رووداوێـک ئـەکات لـە رووی کات و شـوێنەوە، هەروەهـا گرنگیـی بـە وردەکاریـی رووداوەکان لـە پێشـوو و ئێسـتادا ئـەدات و لەگـەڵ رووداوەکانـی تـردا پەیوەسـتیان ئـەکات.

## ٣- هەواڵی سیاسی:

هاوشـێوەی چەمکـی هـەواڵ، پێناسـەی هەواڵـی سیاسـی وەکـو چەمکێکـی لێکـدراو و هەمەچەشـنە، هـەر توێژەرێـك لەگۆشـەنیگایەکی (میدیایـی – سیاسـی)یەوە ئامـاژەی بـۆ ئـەکات، بـەڵام زۆربەیـان کۆکـن لەسـەر ئـەو پرەنسـیپەی کـە هەواڵـی سیاسـی جۆرێکـە لـە دارشـتنی رۆژنامەوانـی کـە جێـگای بایەخـی (بینـەر، بیسـەر و خوێنـەر)ن.

کـەرم شـلبی لـە کتێبـی (فەرهەنگـی زاراوە میدیاییـەکان)دا، بـەم جـۆرە پێناسـەی هەواڵـی سیاسـی ئـەکات: «ئـەو هەواڵانـەن کـە تاوتوێـی رووداو و پرسـە سیاسـییەکان بـە تەنهـا ئـەکات». (شـلبی، ١٩٨٩: ٤٥٢)

هـاوکات ئـەو جـۆرە هەواڵـە بـەو شـێوەیەش پێناسـە ئەکرێـت کـە بریتییـە لـەو کەرەسـتە هەواڵییانـەی کـە لـە

ئەنجامـی بژارکردنـی چالاکـی ڕۆژانـەی حکومـەت بەرهـەم ئەهێنرێـت، بەوپێیـەی هەواڵـە حکومییـەکان مۆرکێکـی سیاسـییان هەیـە. (شـعبان، ٢٠٠٨: ٤١)

بەشـێکی تـر لـە توێژەرانـی بـواری میدیـای سیاسـی، پێیانوایـە کـە خـودی میدیـا و کارە ڕۆژنامەوانییـەکان لەلایـەن دەسـەڵاتی سیاسـییەوە بەڕێوەئەبرێـت و لەژێـر کاریگەریـی هەژمـوون و بەرژەوەندیـی ئەوانـدان، بۆیـە لـە بنەڕەتـدا سـتراتیژی کەناڵەکانـی میدیـا بریتییـە لـە سیاسـەتکردن، چونکـە مۆڵکدارێتـی زۆربـەی دامـەزراوە میدیاییـەکان، ئەگەڕێتـەوە بـۆ کەسـایەتی و لایـەن و حزبـە سیاسـییەکان، دەرئەنجـام هەواڵـی سـەرەکیی میدیـاکان بریتییـە لـە هەواڵـی سیاسـی. (قاسـیمي، ٢٠١٨: ٣١)

## ٤- جۆرەکانی هەواڵی سیاسیی:

بەهـۆی گرنگیـی هەواڵـی سیاسـییەوە، هەمیشـە لای کەناڵـە میدیاییـەکان ڕیزبەندیـی یەکەمـی ئەبێـت لـە پەخشـکردن و بڵاوکردنـەوەدا، بـەراورد بـە هەواڵـی بوارەکانـی تـر، چونکـە لای جەمـاوەری وەرگـر جێگـەی سـەرنجە، بۆیـە توێژەرانـی بـواری میدیـای سیاسـی، لـە ڕووی شـێوە و ناوەڕۆکـەوە، پۆلێنکاریـی بـۆ هەواڵـی سیاسـی ئەکـەن. (العـزة، ٢٠١٧: ٢٧)

بەشێوەیەکی گشتی هەواڵی سیاسی بۆ چەند جۆرێکی سەرەکیی پۆلێن ئەکرێت:

أ- هەواڵـی لوتکـەی سیاسـی: بەهـۆی گرنگییەکەیـەوە بـە هەواڵـی لوتکـە ناوئەبرێـت، ئـەم جـۆرە هەواڵـە سیاسـییە ئەبێتـە هـۆکاری دروسـتکردنی مانشـێتی سـەرەکیی لـە گەشـتی هەواڵـە تەلەفیزیۆنییـەکان و لاپـەڕەی یەکەمـی ڕۆژنامەکانـدا، هەواڵـی لوتکـە ئـەو ڕووداو و پێشـهاتانە ئەگرێتـەوە کـە تایبەتـن بـە (سـەرۆکایەتیی کۆمـار) کـە ناوەنـدی بڕیـارە لـە هەندێـك وڵات و هــەواڵ و چالاکیەکانـی سـەرۆکی وڵات ئەگرێتـەوە، زۆرکات ئـەم جـۆرەی هەواڵـی سیاسـیی لـە ئەنجامـی پەیوەندیـی نێـوان بەرپرسـی دەزگا میدیاییـەکان لەگـەڵ وتەبێـژ یاخـود ڕاوێژکارانـی میدیایـی لـە سـەرۆکایەتیی وڵات بەرهـەم ئەهێنرێـت. (نجـاتي، ٢٠٠٤: ٥٦)

ب- هەواڵـی سـەرۆکایەتیی ئەنجومەنـی وەزیـران: هەندێـك کات بـە هەواڵـی لوتکـەی دەسـەڵاتی جێبەجێکردنیـش ناوئەبرێـت، کـە تایبەتـە بـە گرنگتریـن ئـەو هەواڵانـەی کـە پەیوەسـتن بـە کاروبارەکانـی حکومەتـەوە لەوانـە: چالاکیـی و کۆبوونەوەکانـی سـەرۆك وەزیـران و وەزارەتـەکان و هەروەهـا ئـەو پرسـانەی کـە پەیوەندییـان بـە چارەسـەکردنی کێشـەی خەڵکـەوە هەیـە، وەکـو چارەسـەرکردنی کێشـەکانی: (دارایـی و ئابووریـی، نیشـتەجێبوون، سـووتەمەنی، خوێنـدن و کەرتـی تەندرووسـتیی). (علـو، ٢٠١٨: ٥٧٣)

ت- هەواڵـی حزبیـی: ئـەم جـۆرەی هەواڵـی سیاسـیی گرنگـە، چونکـە پەیوەندیـی بـە بنکـەی جەمـاوەری خەڵك و ڕای گشـتییەوە هەیـە کـە بەسـەر لایەنـە سیاسـییەکاندا دابەشـبوون و بەرژەوەندیـی حزبـە سیاسییەکانیشـی پێـوە پەیوەسـتە. ئـەم جـۆرە هەواڵـە بـە تایبـەت لـە کاتـی بانگەشـەی هەڵبژاردنـەکان و دروسـتبوونی ململانـێ لەنێـوان لایەنـە سیاسـییەکاندا گـەرم ئەبـن و لەلایـەن میدیـای حزبـە سیاسـییەکانەوە، گرنگیـی تـەواوی پـێ ئەدرێـت. (الهيتـي، ٢٠٠٨: ١٣١)

ث- هەواڵەکانـی پەرلەمـان: ئـەم جۆرەیـان پەیوەندیـی بـە هەواڵـی سـەرۆکایەتی و ئەندامانـی پەرلەمانـەوە هەیـە، هەواڵەکانـی ئـەو دامـەزراوە یاسـاییەش لەکاتێکـدا ئەبـن بـە هەواڵـی گەرمـی میدیـاکان، کاتێـك دانیشـتن لەبـارەی پرسـێکی هەسـتیار و چارەنووسسـازدا ئەکرێـت کـە بەرژەوەندییەکانـی گـەل و وڵات دیـاری ئەکـەن. بەشـێوەیەکی گشـتی ئـەم جـۆرە هەواڵانـە بریتیـن لـە: (مەراسـیمی دەسـتپێکی خولـی پەرلەمـان، هەواڵـی دانیشـتنەکان، کاروبـاری لیژنـەکان، سـەردان و پێشـوازیی و... تـد). (العبيـدي، ٢٠١٥: ٢٠٩)

هاوكات توێژەرانی بواری میدیا، لەگۆشەنیگای تروە جۆری هەواڵی سیاسیی دیاری ئەکەن، لەوانە: (همام، ١٩٨٨: ٧٧-٧٨)

- هەواڵی داهێنەرانە: پەیامنێران و ریپۆرتەر و نێردراوان هەوڵێکی زۆر ئەدەن لەپێناوی دەستکەوتنی زانیاریی پێویست بۆ ئەم جۆرە هەواڵە سیاسییە، بەشێوەیەك لە بری ئەوەی میدیاکار زانیارییەکان بە ئامادەکراوی بەدەستبخات، گەڕان و پشکنینی زۆر ئەکات و زانیاریی وردی دەست ئەکەوێت، کە دواتر لەلایەن میدیاکانەوە بە گرنگییەوە بڵاوئەکرێنەوە.

- هەواڵی بەڕاستی (جددیی) سیاسیی: هاوشێوەی ئەو هەواڵانەی کە تایبەتن بە کاروباری گشتی و پرسە سیاسییەکان و بابەتی ئابووریی سیاسییەوە، کە دواین پێشهات و هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان روون ئەکاتەوە.

- هەواڵی دەقرێژی(ئەبستراکی) سیاسیی: ئەو هەواڵەیە کە تەنیا هاوپێچە بە تۆمارکردنی واقیع و وێنەگرتنی رووداوەکان و گێڕانەوەی زانیارییەکان، بەبێ بوونی پاڵپشتیی پاشخانی زانیاریی و داتا و وردەکارییەکان.

- هەواڵی راڤەکراوی سیاسیی: ئەو هەواڵە سیاسیانەیە کە پشت ئەستورە بە زانیاریی و داتاوە، هاوکات راڤەی وردی رووداو و رەهەند و کاریگەرییەکانی هەواڵەکە ئەکات.

- هەواڵی بابەتییانەی سیاسیی: ئەم جۆرە هەواڵە، رووداوەکان وەکو خۆی بەبێ دەستکاریی و زیادکردن و کەمکردن لەلایەن میدیاکانەوە بڵاوئەکرێتەوە و تێیدا بێلایەنی تەواوەتی پارێزراوە.

## ٥- دابەشكاریی هەواڵی سیاسیی

هەواڵی سیاسی لەڕووی (جوگرافیا و کات)ەوە بۆ چەند جۆرێک دابەش ئەکرێت: (علو، ٢٠١٨: ٥٧٥)

- دابەشكاریی جوگرافی بۆ هەواڵ: بەوپێیەی هەواڵەكە لە چ شوێنێك روو ئەدات، ئەمەش بۆ دوو جۆر پۆلێن ئەکرێن:

أ- هەواڵی ناوخۆیی (لۆکاڵی): ئەو هەواڵانەن کە لەناو سنووری جوگرافی دەوڵەتێك یان هەرێمێك یاخود ناوچەیەکدا روو ئەدەن کە دەزگا میدیاییەکەی تێدایە.

ب- هەواڵە دەرەکییەکان (نێودەوڵەتی): ئەو هەواڵە سیاسییانەن کە لە دەرەوەی سنووری ئەو دەوڵەتە روو ئەدەن کە دامەزراوە میدیایەکەی لێیە.

- دابەشكاریی کاتی هەواڵ: بنەمای سەرەکیی ئەم دابەشكارییە بریتییە لەکاتی روودانی هەواڵە سیاسییەکە، کە بەهەمان شێوە ئەکرێتە دوو جۆرەوە:

أ- هەواڵی چاوەڕوانکراو: ئەو هەواڵە سیاسییانەن کە رۆژنامەوان لەکاتی روودانیدا ئاگادارە و زانیاریی لەسەر شوێنی رووداوەکە هەیە.

ب- هەواڵی چاوەڕوننەکراو: ئەو جۆرەن کە رۆژنامەوان هیچ زانیارییەکی لەبارەی کات و شوێنی رووداوەکەوە نییە و بۆ میدیاکان ئەبێت بە سوپرایز.

## ٦- ماڵپەڕی هەواڵ:

لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا، پێشکەوتنێکی گەورە لە تەکنۆلۆجیای گەیاندنی زانیارییدا دروست بوو، لە پێشەوەی هەموویدا فراوانبوونی بازنەی خزمەتگوزارییەکانی تۆڕی ئینتەرنێت لە هەموو جیهاندا، بەبێ جیاوازی شارستانی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئیتنییەکاندا.

پێشکەوتن و فراوانبوونی تۆڕی ئینتەرنێت، بێجگە لەوەی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی بە رووی یەکتردا کردەوە و سنووری

وڵاتانی زیاتر بەزاند و گڵۆبالیزمی جیهانیی خستە قۆناغێکی نوێوە، هاوکات گۆڕانکاریی ریشەیی لە گەیاندن و بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی دروستکرد و رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی و لەنێویدا ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی هاتەکایەوە. (الدليمي، ٢٠١١: ٨٨)

لەو چوارچێوەیەدا، ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی بەوە ئەناسرێت کە بریتییە لە کۆمەڵە لاپەڕەیەکی بەیەکەوەگرێدراوی ئەلیکترۆنی، کە لە ڕێگەی ئامێری کۆمپیوتەرەوە دیزاین و ئامادە ئەکرێت و لە لاپەڕەی سەرەکیی و چەند بەش و لقێک پێکدێت و لە (URL) ئەدرەسی تایبەت بە خۆی هەیە. (تربان، ٢٠١٢: ٢٤)

هاوکات، بەو جۆرەش پێناسەی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ئەکرێت کە بریتییە لە کۆمەڵە لاپەڕە و دەق و وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی و نەخشە و هێڵکاری، لە چواچێوەی دیزاینێکدا، هەواڵ و راپۆرت و هونەرە رۆژنامەوانییەکانی تر ئەگەیەنرێت بە وەرگر، زۆرکاتیش ئەو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییانە سەر بە ڕێکخراوێک یان دامەزراوەیەکی دەوڵەت یاخود لایەنێکی سیاسی و حزبییە. (سامح، ٢٠٢٢: ٢٦٧)

لە رووی ناوەڕۆک و پەیامەوە، ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان چەند جۆرێک لەخۆئەگرن، لەوانە ماڵپەڕەکانی: (هەواڵ، فیلم و دراما، کاتبەسەربردن، کەلتووری و رۆشنبیری، بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و ...تد).

ماڵپەڕی هەواڵیی، بریتییە لەو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییانەی کە زۆرترین گرنگی بە بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی خزمەتگوزاری هەواڵ و زانیاریی گەرمی رۆژ ئەدەن و زیاتر لەهەر جۆرێکی تر رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی، جەماوەری هەیە و زۆرکاتیش ئەو جۆرە ماڵپەڕانە، سەر بە دامەزراوە میدیاییەکانن. (عطا اللة، ٢٠١٨: ٤٧)

بەشێکی تر لە سەرچاوە زانستییە میدیاییەکان، ئاماژە بەوە ئەکەن کە بەهۆی خێرایی لە گەیاندنی هەواڵ و رووداوە بەپەلەکان، ماڵپەڕەکانی هەواڵ هەژمونی ئامرازی تەلەفیزیۆنیان لاواز کردووە و لەئێستادا تەنیا میدیای دیجیتاڵییە کە شەڕی کات ئەکات و بەزوویی رووماڵی رووداوە لەناکاوەکان ئەکات. (الدليمي، ٢٠١١: ٣٩)

## بەشی سێیەم: لایەنی شیکاریی توێژینەوەکە:

هەوڵ ئەدرێت لەم بەشەدا، شیکاریی ئەو هەواڵانە بکرێت کە پەیوەستن بە ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق و لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (Kurdistan٢٤)ی کوردی و (العراقية الإخبارية)ی عەرەبیدا بڵاوکراونەتەوە، ڕێکارەکانی شیکارییش بەم جۆرە لە توێژینەوەکەدا جێبەجێکراوە:

### - دیاریکردنی ئامرازی شیکاریی:

توێژەر فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە، وەك ئامرازێك بۆ شیکاریی بابەتەکانی پەیوەست بە توێژینەوە، ئەو جۆرە فۆرمە یەکێکە لە ئامرازەکانی زانیینی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان و راڤەکردنی، بەو پێیەی ڕێکاری ژمارەیی و ئاماریی بۆ ناوەڕۆکی بابەتە میدیاییەکان جێبەجێ ئەکرێت، بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بابەتییانە. هاوکات توێژەر کۆمەڵێك هەنگاوی میتۆدیی گرتۆتەبەر، بەمەبەستی ئامادەکردنی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ١- دیاریکردنی یەکە شیکارییەکان:

شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆك، پشت بە زیاتر لە یەکەیەك دەبەستێت بۆ شیکردنەوەی بابەتە میدیاییەکان، ئەو یەکانەش پێوەری سەرەکیین بۆ شیتەڵکردنی ناوەڕۆکەکان، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ کێشەی توێژینەوە

بگونجێت. لـەم توێژینەوەیـەدا، توێـژەر پشـتی بـە یەکـەی (بابـەت) بەسـتووە کـە لـە چوارچێـوەی هەواڵەکانـدا بڵاوکراونەتـەوە، بەمەبەسـتی زانینـی ناوەڕۆکـی بابەتـەکان.

## ٢- دیاریکردنی دەستە شیکارییەکان:

مەبەسـت لـە دەسـتە ناوەڕۆکییـەکان، شـیتەڵکردنی بابەتـە میدیاییەکانـە بـۆ کۆمەڵـە بڕگەیـەك کـە تایبەتمەندێتـی و خسـڵەتی هاوبەشـیان هەیـە، ئەویـش بەپێـی داواکاری و ئامانجەکانـی توێژینـەوە، دەسـتە شـیکارییەکان بـۆ دوو جـۆری سـەرەکیی پۆلێـن ئەکرێـن، کـە هەریەکەیـان کۆمەڵێـك دەسـتەی لاوەکـی لەخۆئەگرێـت، لەوانـە: دەسـتە ناوەڕۆکییەکان کـە وەڵامـی پرسـیاری (چـی وتـرا؟) ئەداتـەوە، هەروەهـا دەسـتە رواڵەتییـەکان کـە وەڵامـی پرسـیاری (چـۆن وتـرا؟) ئەداتـەوە، توێـژەر هـەردوو دەسـتەکەی بەکارهێنـاوە، بـۆ زانینـی ناوەڕۆکـی هەواڵەکانـی پەیوەسـت بـە رێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق لەسـاڵی ٢٠٢٣ و شـیکردنەوەی ئاراسـتە و دەرخسـتنی جـۆری رووماڵکردنـەکان، هەروەهـا زانینـی سـەرچاوەی هەواڵـەکان و هاوسـەنگیی رووماڵکـردن و کەرەسـتە میدیاییـە بەکارهاتـووەکان.

## ٣- راستی رواڵەت:

توێـژەر ئامـرازی فۆرمـی شـیکردنەوەی ناوەڕۆکـی بەشـێوەی بەرایـی ئاراسـتەی سـێ هەڵسـەنگێنەری پسـپۆڕ لەبـواری میدیـادا کـرد، (بڕوانـە پاشـکۆی ژمـارە ١)، پاشـان کاری هەموارکـردن و لابـردن و زیادکردنـی هەندێـک لـە بڕگەکانـی فۆرمەکـەی ئەنجامـدا. هاوکێشـەی راسـتی دەرەکـی= بڕگـە راسـتەکان/ کـۆی بڕگـەکان×١٠٠، ئەنجامی راسـتی دەرەکی= ٤١/٣٧×١٠٠= ٩٠،٢ بەهـای ئـەم رێژەیـەش لـە ئاسـتێکی بەرزدایـە.

## ٤- جێگیریی شیکردنەوە:

مەبەسـت لـە جێگیریـی شـیکردنەوە، دووبـارە ئەنجامدانـی رێـکاری شـیکارییە بەمەبەسـتی بەدەستخسـتنی هەمـان ئەنجـام، توێـژەر شـێوازی جێگریـی لـە رێگـەی کاتـەوە بەکارهێنـا، لـەدوای جێبەجێکردنـی هاوکێشـەی هۆلسـتی (بڕوانـە پاشـکۆی ژمـارە ٢)، تێکـڕای جێگیریـی بریتـی بـوو لـە (٠،٨٥) کـە لـە رووی زانسـتییەوە ئـەو رێژەیـە لـە ئاسـتێکی بەرزدایـە.

## - وردەکاریی دەرئەنجامی لایەنی شیکاریی:

یەکەم: قەبارەی هەواڵی تایبەت بە رێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق بەراورد بە هەواڵەکانی تر:

- لـەدوای جیاکردنـەوەی هەواڵـی پەیوەسـت بـە رێککەوتنەکـەی نێـوان هەرێـم و عێـراق لەسـاڵی ٢٠٢٣دا لەکـۆی هەواڵـە سیاسـییەکانی ناوخـۆی عێـراق و هەرێمی کوردسـتان، لـە ماڵپەڕی هـەردوو کەناڵـی (Kurdistan٢٤) و (العراقية الإخباريـة) لـە مـاوەی وەرگرتنـی سـامپڵی توێژینەوەکـەدا کـە (٣٠) رۆژی مانگـی نیسـانی ٢٠٢٣یـە، دەرئەکەوێـت کـە ماڵپـەڕی کەناڵـی (Kurdistan٢٤) لەکـۆی (٥٤٢) هەواڵـی سیاسـیی تایبـەت بـە ناوخـۆی هەرێـم و عێـراق، (٩٧) هەواڵـی تایبـەت بـوون بـە پرسـی رێککەوتنەکـەی نێـوان هەرێـم و عێـراق، هـاوکات لەکـۆی (٤٥١) هەواڵـی ماڵپـەڕی کەناڵـی (العراقيـة الإخباريـة)دا، (٧٤) هەواڵـی پەیوەسـت بـوون بـە بابەتـی رێککەوتنـە سیاسـییەکەوە.

ئـەو داتایـەش دەریدەخـات، کـە ماڵپـەڕی کەناڵـی (Kurdistan٢٤) بـەراورد بـە ماڵپـەڕی کەناڵـی (العراقيـة الإخباريـة)،

گرنگییەکی زیاتر ئەدات بە پرسی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق و زۆرترین رووماڵی میدیایی ئەو پرسە ئەکات، هۆکاری ئەو گرنگیدانەش بۆ ئەوە ئەگرێتەوە، کە ئەو پرسە بە لای هەرێمی کوردستانەوە، بابەتێکی چارەنووسسازە و پەیوەندیی راستەوخۆی بە بودجە و مووچە و ئایندەی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان و بارودۆخی ئابوورییەوە هەیە و بە کلیلی چارەسەرکردنی تەواوی کێشە هەڵپەسێراوەکانی نێوان هەرێم و عێراق دائەنرێت، بۆیە لە رووی میدیاییەوە ماڵپەڕی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکە زیاتر بایەخ بەو بابەتە دەدات، بۆ بەرچاوڕوونییزیاتر، بڕوانە خشتەی ژمارە (١)

خشتەی ژمارە (١) قەبارەی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق بەراورد بە هەواڵەکانی تر

| ماڵپەڕ / بابەت | Kurdistan24 | | العراقية الإخبارية | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % |
| هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق٢٠٢٣ | ٩٧ | ١٧,٨ | ٧٤ | ١٦,٥ | ١٧١ | ١٧,٣ |
| هەواڵە سیاسییەکانی ناوخۆی هەرێم و عێراق | ٤٤٥ | ٨٢,٢ | ٣٧٧ | ٨٣,٥ | ٨٢٢ | ٨٢,٧ |
| کۆی گشتی | ٥٤٢ | ٪١٠٠ | ٤٥١ | ٪١٠٠ | ٩٩٣ | ٪١٠٠ |

## دووەم: ئەو پرسانەی لە چوارچێوەی رووماڵکردنی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق ئەخرێنەڕوو:

- لەدوای جیاکردنەوەی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی (Kurdistan٢٤) و (العراقية الإخبارية) لە رووی تاوتوێکردنی ئەو پرسانەی کە لە چوارچێوەی رووماڵکردنی ئەو ڕێککەوتنەدا ئەخرێنەڕوو، دەرئەکەوێت کە لە پلەی یەکەمدا و بەڕێژەی (٤١,٦٪) بابەتی دەرهێنان و فرۆشتن و داهاتی نەوت لە ماڵپەڕی ئەو دوو کەناڵەدا زۆرترین فۆکەسی ئەخرێتەسەر، هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە بنەڕەتدا ئامانجی ئەو ڕێککەوتنە سیاسیە بۆ کۆتاییهێنانە بە قەیرانی پرسی هەناردە و فرۆشتن و داهاتی نەوتی هەرێم کە لەساڵی ٢٠٠٧وە بەبێ چارەسەر ماوەتەوە، بۆ دڵنیابوونەوە ئەم نموونەیە ئەخەینەڕوو: «بەگوێرەی ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا، لەمەودوا نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە هەناردەی دەرەوە ئەکرێت». (Kurdistan٢٤: ٢٠٢٣- ٤-٤)، هاوکات لە پلەی دووەمدا و بەڕێژەی (٣٥,٦٪) بابەتی بودجە و مووچە دێت، بەوپێیەی بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە، پشکی (١٢,٦٧٪)ی هەرێم لە بودجەی ساڵانی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ جێگیر ئەکرێت، بۆ دڵنیابوونەوەی ئەم نموونەیە ئەخەینەڕوو: «وقعت الحكومة العراقية في بغداد، مع حكومة إقليم كردستان علي اتفاقية نهائية تقضي بأن تتولي بغداد عملية الإشراف الكامل علي تصدير النفط من حقول الإقليم وبالمقابل يتم تثبيت نسبة (١٢,٦٧٪) كحصة الإقليم في الموازنة الثلاثية». (العراقية الإخبارية: ٢٠٢٣- ٤-٥). ئەوەی جێگای سەرنجە، ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە بەڕێژەی (٢,٣٪) کەمترین رووماڵیان لەبارەی داهاتی نانەوتی هەرێمی کوردستانەوە کردووە، ئەمە لەکاتێکدا دوای تێپەڕبوونی تەنیا سێ مانگ بەسەر ڕێککەوتنەکەدا، ئەو پرسە بۆتە گرفتی سەرەکیی لە بەردەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە و ناردنی پشکی هەرێم لە بودجەی سێ ساڵی عێراقدا، بەوپێیەی خوێندنەوەی بەرپرسانی هەرێم و عێراق بۆ دەستووری عێراق لەبارەی داهاتە نانەوتییەکانەوە جیاوازە.

هەر بەگوێرەی ئەنجامی ئەو خشتەیە، دەرئەکەوێت کە جیاوازی لەنێوان ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەدا هەیە

لـە خسـتنەڕووی پرسـەكانی نێـو ڕێككەوتنەكـەدا، بەشـێوەیەک پرسـی (بودجـە و مووچـە) لـە ماڵپـەڕی كەناڵـی (Kurdistan٢٤) بەڕێـژەی (٥٤,٦٪) لـە پلـەی یەكـەم دێـت، لـە بەرامبـەردا لـە ماڵپـەڕی كەناڵـی (العراقيـة الإخباريـة)دا بـە پلـەی یەكـەم و بەڕێـژەی (٦٢,٢٪) بابەتـی (نـەوت) دێـت، بـە شـیكردنەوەی بارودۆخـی سیاسـی و ڕەهەندەكانـی ڕێككەوتنەكـە، هـۆكاری ئـەو جیاوازییـە بـۆ ئـەوە ئەگەڕێتـەوە كـە ماڵپـەڕی كەناڵـە كوردییەكـە زۆرتریـن دەسـتكەوتی ڕێككەوتنەكـەی لـە ناردنـی بودجـە و مووچـەدا چـڕ ئەكاتـەوە، بەوپێیـەی پەیوەندیـی بـە گوزەرانـی مووچەخـۆران و جوڵـەی بازرگانیـی هەرێمـەوە هەیـە، ئەمـە جگـە لـەوەی هەوڵێكـە بـۆ دروسـتكردنی لۆبـی و هاوسـۆزیی خەڵـک بـۆ سـەرۆكی حكومەتـی هەرێـم، وەكـو دەسـتكەوتێكی سیاسـی، هـاوكات بـە لای ماڵپـەڕی كەناڵـە عێراقییەكـەوە، ڕادەسـتكردنی نەوتـی هەرێـم وەک گرنگتریـن دەسـتكەوتی كابینەكـەی محەمـەد شـياع سـودانی سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق تەماشـا ئەكرێـت، بەوپێیـەی پێشـتر هیـچ كابینەیەكـی حكومەتـی عێـراق نەیتوانـی نەوتـی هەرێـم لەژێـر سەرپەرشـتیی كۆمپانیـای سـۆمۆدا بفرۆشـێت. بـۆ بەرچاوڕوونییزیاتـر، بڕوانـە خشـتەی ژمـارە (٢)

خشتەی ژمارە (٢) ئەو پرسانەی لە چوارچێوەی هەواڵی ڕێككەوتنی نێوان هەرێم و عێراق خراونەتەڕوو

| ماڵپەڕ / پرسەكان | Kurdistan24 | | العراقية الإخبارية | | كۆی گشتی | | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| داهاتی نانەوتی | ٤ | ٤,٢ | ٠ | ٠ | ٤ | ٢,٣ | ٦ |
| بودجە و مووچە | ٥٣ | ٥٤,٦ | ٨ | ١٠,٩ | ٦١ | ٣٥,٦ | ٢ |
| كرێی كۆمپانیا نەوتییەكان | ٥ | ٥,٢ | ٠ | ٠ | ٥ | ٢,٩ | ٥ |
| دەرهێنان و فرۆشتن و داهاتی نەوت | ٢٥ | ٢٥,٧ | ٤٦ | ٦٢,٢ | ٧١ | ٤١,٦ | ١ |
| داهاتی دامەزراوە فیدراڵییەكان | ٦ | ٦,١ | ١٣ | ١٧,٥ | ١٩ | ١١,٢ | ٣ |
| گەڕانەوە بۆ دەستوور | ٤ | ٤,٢ | ٧ | ٩,٤ | ١١ | ٦,٤ | ٤ |
| كۆی گشتی | ٩٧ | ٪١٠٠ | ٧٤ | ٪١٠٠ | ١٧١ | ٪١٠٠ | |

## سێیەم: سەرچاوەكانی ڕووماڵكردنی هەواڵی ڕێككەوتنی نێوان هەرێم و عێراق:

- لـەدوای جیاكردنـەوەی هەواڵـی ڕێككەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق لـە ماڵپـەڕی هـەردوو كەناڵـی (Kurdistan٢٤) و (العراقيـة الإخباريـة) لـە ڕووی سـەرچاوەی هەواڵەكانیانـەوە، دەرئەكەوێـت كـە لـە پلـەی یەكەمـدا و بەڕێـژەی (٥٠,٨٪) ئـەو دوو ماڵپـەڕە پشـت بـە پەرلەمانتارانـی ئەنجومەنـی نوێنـەران و پەرلەمانـی كوردسـتان ئەبەسـتن وەک سـەرچاوەی هەواڵەكانیـان، ئـەوەش دەرخـەری ئەوەیـە كـە گەیشـتن بـە پەرلەمانتـاران بـەراورد بـە سـەرچاوەكانی تـری دەسـتكەوتنی زانیاریـی، ئاسـانترە بـۆ میدیـاكاری كەناڵـەكان. بـۆ دڵنیابوونـەوە ئـەم نموونەیـە ئەخەینـەڕوو: «موسـەننا ئەمیـن ئەندامـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق ڕایدەگەیێـت: ڕێككەوتنـی نێـوان حكومەتـی هەرێـم و حكومەتـی عێـراق، ڕێگاخۆشـكەرە بـۆ چارەسـەركردنی كێشـەكانی نێوانیـان» (Kurdistan٢٤: ٢٠٢٣-٤-٥)، هـاوكات لـە پلەی دووەم و بەڕێـژەی (٣١,٦٪) سـەرچاوەی بەرپرسـی حكومـی و حزبـی دێـت، بـۆ دڵنیابوونـەوە ئـەم نموونەیـە ئەخەینـەڕوو: «أكـد رئيـس مجلـس القضـاء الأعـلى القـاضي فائـق زيـدان، عـلى ضرورة حـل جميـع المشـاكل العالقـة بـين الإقليـم و بغـداد في إطـار الإتفاقيـة بـين الطرفين»(العراقيـة الإخباريـة: ٢٠٢٣- ٤-٩).

هـەر بەگوێـرەی ئەنجامـی ئـەو خشـتەیە، دەرئەکەوێـت کـە جیـاوازی لەنێـوان ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵـەدا نییـە لـە دەسـتکەوتنی زانیاریـی لەبـارەی بابەتـی ڕێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق، بەشـێوەیەک لـە ماڵپـەڕی کەناڵـی (Kurdistan٢٤) و بەڕێـژەی (٤٧,٥٪) و لـە ماڵپـەڕی کەناڵـی (العراقیـة الإخباریـة) و بەڕێـژەی (٥٥,٥٪)، بـە ئەندازەیەکی زۆر پشـت بـە پەرلەمانتـاران دەبەسـتن لـە وەرگرتنـی زانیاریـی لەبـارەی ڕێککەوتنەکـەوە، ئەمـە لەکاتێکـدا مـەرج نییـە هەمـوو کات پەرلەمانتـاران زانیاریـی دروسـتیان لەبـارەی پرسـە سیاسـییەکانەوە هەبێـت، بەڵکـو لـەو پرسـەدا کـە وەفـدی دوو حکومـەت تێیـدا بەشـداربوون، دەبـوو بەشـێکی زۆری سـەرچاوەی زانیارییـەکان لـە وەزیـر و بەرپرسـانی حکومـی و حزبـی دەسـتبکەوتنایە. ئەمـە جگـە لـەوەی ئەنجامـی ئـەو خشـتەیە دەریئەخـات کـە ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵەکـە نەیتوانیـوە هاوسـەنگیی لـە فرەچەشـنکردنی سـەرچاوەی ڕووماڵکردنەکەیـان بپارێـزن و جیـاوازی لەنێـوان پشتبەسـتن بـە سـەرچاوەکان بەڕێژەیەکـی بـەرزە. بـۆ بەرچاوڕوونییزیاتـر، بڕوانـە خشـتەی ژمـارە (٣)

| سەرچاوە / ماڵپەڕ | Kurdistan24 | | العراقية الإخبارية | | کۆی گشتی | | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| بەرپرسی حکومی و حزبی | ٣٤ | ٣٥ | ٢٠ | ٢٧ | ٥٤ | ٣١,٦ | ٢ |
| پەیامنێر و نێردراو | ١٣ | ١٣,٥ | ١٠ | ١٣,٥ | ٢٣ | ١٣,٥ | ٣ |
| میدیا جیهانییەکان | ١ | ١ | ٠ | ٠ | ١ | ٠,٦ | ٥ |
| ئاژانسەکانی دەنگوباس | ١ | ١ | ٠ | ٠ | ١ | ٠,٦ | ٥ |
| پەرلەمانتارانی عێراق و کوردستان | ٤٦ | ٤٧,٥ | ٤١ | ٥٥,٥ | ٨٧ | ٥٠,٨ | ١ |
| زانیاریی تایبەت | ٢ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٢,٩ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ٪١٠٠ | ٧٤ | ٪١٠٠ | ١٧١ | ٪١٠٠ | |

خشتەی ژمارە (٣) سەرچاوەکانی ڕووماڵکردنی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق

## چوارەم: چێوەی کەسایەتی لە ڕووماڵکردنی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق:

- لـەدوای جیاکردنـەوەی هەواڵـی ڕێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێراقلـە ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵـی (Kurdistan٢٤) و (العراقیـة الإخباریـة) لـە ڕووی زەقکردنـەوەی کەسـایەتییە سیاسـییەکان لـە ڕووماڵکردنەکانیانـدا، دەرئەکەوێـت کـە لـە پلـەی یەکـەم و بەڕێـژەی (٣٠,٩٪) و لـە پلـەی دووەم و بەڕێـژەی (٢٦,٣٪)، نـاو و ڕۆڵـی کەسـایەتیی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێـم و سـەرۆکی حکومەتـی عێـراق دێـت، هـۆکاری ئـەوەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە واژۆکردنـی ڕەشنووسـی کۆتایـی ڕێککەوتنەکـەی نێـوان هەرێـم و عێـراق، لەلایـەن ئـەو دوو کەسـایەتییەوە سەرپەرشـتیکرا و هەریـەک لـە مـەسرور بارزانـی و محەمـەد شـیاع سـودانی، لـە نزیکـەوە ڕۆڵیـان هەبـوو لـە گەڵاڵەکردنـی بەندەکانـی نێـو ڕێککەوتنەکـەدا.

هـەر بەگوێـرەی ئەنجامـی ئـەو خشـتەیە، دەرئەکەوێـت کـە جیـاوازی لەنێـوان ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵـەدا نییـە لـە خستنەڕو و دەرخسـتنی کەسـایەتییەکانی نێـو پرسـی ڕێککەوتنەکـە، بەشـێوەیەک لە ماڵپـەڕی کەناڵـی (Kurdistan٢٤) و بەڕێـژەی (٤٨,٤٪) ئامـاژە بـە کەسـایەتیی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێـم ئەکرێـت و لـە ماڵپـەڕی کەناڵـی (العراقیـة الإخباریة)یـش بەڕێـژەی (٤٧,٢٪) ئامـاژە بـە کەسـایەتیی سـەرۆکی حکومەتـی عێـراق ئەکرێـت، هۆکاری ئـەو ئەنجامەش ڕوونـە، کـە خاوەندارێتـی دامـەزراوەی میدیایـی (Kurdistan٢٤) دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرۆکی حکومەتـی هەرێـم و

تـۆڕی میدیایـی عێـراق کـە ماڵپـەڕی کەناڵـی (العراقيـة الإخبارية)یـش بەشـێکە لـەو تـۆڕە، سـەر بـە دامـەزراوەی ئەنجومەنـی وەزیرانـی عێراقـە، بۆیـە کاری لـە پێشـینەی هـەردوو دەزگا میدیایەکـە، بریتییـە لـە زەقکردنـەوە و بـە بازاڕکردنـی پێگـە و دەسـتکەوتەکانی ئـەو دوو کەسـایەتییە حکومـی و سیاسـییە، ئەمـەش بـۆ دوو کەناڵـی ئاراسـتەکراو سروشـتی و ئاسـاییە. بـۆ بەرچـاو روونـی، بڕوانـە خشـتەی ژمـارە (٤)

خشتەی ژمارە (٤) چێوەی کەسایەتی لە رووماڵکردنی هەواڵی رێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق

| ماڵپەڕ / کەسایەتییەکان | Kurdistan24 | | العراقية الإخبارية | | کۆی گشتی | | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| سەرۆکی حکومەتی هەرێم | ٤٧ | ٤٨,٤ | ٦ | ٨,٣ | ٥٣ | ٣٠,٩ | ١ |
| سەرۆکی حکومەتی عێراق | ١٠ | ١٠,٣ | ٣٥ | ٤٧,٢ | ٤٥ | ٢٦,٣ | ٢ |
| سەرۆک کۆماری عێراق | ٢ | ٢ | ٧ | ٩,٤ | ٩ | ٥,٣ | ٥ |
| سەرۆکی هەرێمی کوردستان | ٦ | ٦,٢ | ٢ | ٢,٧ | ٨ | ٤,٦ | ٦ |
| مەسعود بارزانی | ٥ | ٥,٢ | ١ | ١,٤ | ٦ | ٣,٦ | ٨ |
| سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی | ٢ | ٢ | ٨ | ١٠,٨ | ١٠ | ٥,٨ | ٤ |
| سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانتاران | ٧ | ٧,٣ | ٠ | ٠ | ٧ | ٤ | ٧ |
| سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و پەرلەمانتاران | ١٨ | ١٨,٦ | ١٥ | ٢٠,٢ | ٣٣ | ١٩,٥ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ٪١٠٠ | ٧٤ | ٪١٠٠ | ١٧١ | ٪١٠٠ | |

## پێنجەم: جۆری رووماڵکردنی هەواڵی رێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق لە رووی کاتەوە:

- لـەدوای جیاکردنـەوەی هەواڵـی رێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێـراق لـە ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵـی (Kurdistan٢٤) و (العراقيـة الإخباريـة) لـە رووی کاتـی رووماڵکردنـی هەواڵەکـەوە، دەرئەکەوێـت بـە پلـەی یەکـەم و بەڕێـژەی (٪٤٦,٣) ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵەکـە پشـتیان بـە رووماڵکردنـی بەدواداچـوون بەسـتووە لـە گەیاندنـی زانیارییەکانی پەیوەسـت بـە رێککەوتنەکـە بـە وەرگـر، هـۆکاری ئـەوەش بـۆ ئـەوە ئەگەڕێتـەوە کـە بەهـۆی گرنگـی رووداوەکـەوە، هـەردوو ماڵپەڕەکـە بـە درێژایـی مانگـی نیسـانی ٢٠٢٣ هەوڵیان داوە بـەردەوام بەدواداچوون بـۆ بڕگە و ناوەڕۆکـی رێککەوتنەکە بکـەن و لـە گۆشـەنیگا جیاوازەکانـەوە کاری میدیایـی لەسـەر بکـەن، لەلایەکـی تـرەوە دەرخـەری ئەوەیـە کـە هـەردوو کەناڵەکـە ئـەم پرسـەیان کردۆتـە ئەجێنـدای لـە پێشـینەی رووماڵکردنەکانیـان و لـە چوارچێـوەی سیاسـەتەکانیان و لـە سـۆنگەی پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی هـەردوو سـەرۆکی حکومـەت، زۆرتریـن رووماڵیـان لـەدوای رۆژی واژۆکردنـی رێککەوتنەکـەوە ئەنجامـداوە. هـاوکات لـە پلـەی چـوارەم و کۆتایـی و بەرێـژەی تەنیـا (٪٥,٢) رووماڵکردنـی بەپەلـە دێـت، هـۆکاری ئـەوەش روونـە کـە واژۆکردنـی رێککەوتنەکـەی نێـوان هەرێـم و بەغـدا، پێشـبینی روودانـی دەکـرا و هەواڵێکـی لەنـاکاو و پێشـتر نەزانـراو نەبـوو، بەڵکـو چەنـد رۆژێـک پێـش واژۆکردنـی، بەرەسـمی ئامادەکاریـی بـۆ ئەکـرا و لـە میدیاکانیـش بڵاوئەکرانـەوە.

هـەر بەگوێـرەی ئەنجامـی ئـەو خشـتەیە، دەرئەکەوێـت کـە جیـاوازی لەنێـوان ماڵپـەڕی هـەردوو کەناڵـەدا نییـە لـە جـۆری رووماڵکردنـی هەواڵـی رێککەوتنەکـە لـە رووی کاتـەوە، بەشـێوەیەک لـە ماڵپـەڕی کەناڵـی (Kurdistan٢٤) و بەڕێـژەی (٪٥١,٥) و لـە ماڵپـەڕی کەناڵـی (العراقيـة الإخبارية)یـش بەڕێـژەی (٪٣٩,٣) کار لەسـەر جـۆری رووماڵکردنـی

بەدواداچوون کراوە، بۆ گەیاندنی زانیاریی و وردەکارییەکانی ڕێککەوتنەکە بە جەماوەری وەرگر. بۆ بەرچاو ڕوونی، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥)

خشتەی ژمارە (٥) جۆری ڕووماڵکردنی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق لە ڕووی کاتەوە:

| ماڵپەڕ / جۆری ڕووماڵکردن | Kurdistan24 | | العراقية الإخبارية | | کۆی گشتی | | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| ڕووماڵکردنی بەپەلە | ٦ | ٦,٢ | ٣ | ٤ | ٩ | ٥,٢ | ٤ |
| ڕووماڵکردنی بەرایی | ١٣ | ١٣,٥ | ١٨ | ٢٤,٣ | ٣١ | ١٨,١ | ٣ |
| ڕووماڵکردنی تۆمارکراو یان ڕاپۆرتی | ٢٨ | ٢٨,٨ | ٢٤ | ٣٢,٤ | ٥٢ | ٣٠,٤ | ٢ |
| ڕووماڵکردنی بەدواداچوون | ٥٠ | ٥١,٥ | ٢٩ | ٣٩,٣ | ٧٩ | ٤٦,٣ | ١ |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ٪١٠٠ | ٧٤ | ٪١٠٠ | ١٧١ | ٪١٠٠ | |

## شەشەم: جۆری ڕووماڵکردنی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق لە ڕووی شێوەوە:

- لەدوای جیاکردنەوەی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی (Kurdistan٢٤) و (العراقية الإخبارية) لە ڕووی شێوەی ڕووماڵکردنی هەواڵی ڕێککەوتنەکەوە، دەرئەکەوێت بە پلەی یەکەم و بەڕێژەی (٥٣,٣٪) ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە شێوەی ڕووماڵکردنی ئاوێتەیان ئەنجامداوە، بەو مانایەی گرنگی بە وردەکاریی هەواڵی ڕێککەوتنەکەی نێوان هەرێم و عێراق لە پێشوو و ئێستا ئەدەن و لەگەڵ ڕووداوەکانی تردا پەیوەستی دەکەن و باگراوند و ڕەهەندە سیاسی و ئابوورییەکانی ڕێککەوتنەکە لە چوارچێوەی هەواڵەکەدا ئەخەنەڕوو. ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە مەبەستیانە بەشێوەیەکی ئەبستراک مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا نەکەن، بەڵکو لەگەڵ ڕووداوەکانی پێشوو و پێشهاتە نوێیەکاندا تێهەڵکێشی بکەن. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی خشتەی پێشوو یەکدەگرێتەوە کە بەشی زۆری ڕووماڵکردنی هەواڵی ڕێککەوتنەکە لەڕووی کاتەوە، بریتی بوون لە ڕووماڵکردنی بەدواداچوون، بەوپێیەی زۆرکات ئەو جۆرە ڕووماڵکردنە پێویستیی بە بەستنەوە و تێهەڵکێشکردنی چەند ڕووداو و فاکتێکی جیاوازەوە هەیە لەچوارچێوەی یەک هەواڵدا. بۆ دڵنیابوونەوە، ئەم نموونەیە ئەخەینەڕوو: «ئیبراهیم شەرەفانی ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: «پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێگەیەکی بەرز و بەهێزە، چونکە وڵاتە زلهێزەکان بەجددی لەسەر هێڵ بوون بۆ ئەوەی ئەو ڕێکەوتنە واژۆبکرێت، لەبەر ئەوەی ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر بازاری جیهانی نەوت و کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکانی ئەو بوارە».(Kurdistan٢٤: ٢٠٢٣-٤-٤)، هاوکات بە ڕێژەی (٤٦,٧٪) شێوەی ڕووماڵکردنی سادە دێت، بەو واتایەی هەواڵی ڕێککەوتنەکە وەکو ڕووداوێکی دیاریکراو بەبێ بەستنەوە و ئاوێتەکردنی بە ڕووداو و زانیاریی و ڕەهەندی ترەوە ڕووماڵکراوە، بۆ دڵنیابوونەوە، ئەن نموونەیە دەخەینەڕوو: «أعلن رئيس الوزراء محمد شياع السوداني: الأتفاق بين الأقليم والمركز، اتفاق مؤقت لحين الوصول الي إقرار الموازنة الذي يأخذ الصفة القانونية ويغطي كل الالتزامات ويعالج جميع المشاكل في هذا الملف». «(العراقية الإخبارية: ٢٠٢٣- ٤-١٦).

هەر بەگوێرەی ئەنجامی ئەو خشتەیە، دەرئەکەوێت کە جیاوازی لەنێوان ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەدا هەیە لە

جۆری ڕووماڵکردنی هەواڵی ڕێککەوتنەکە لە ڕووی شێوەوە، بەجۆرێک لە ماڵپەڕی کەناڵی (Kurdistan٢٤) و بەڕێژەی (٦٧,١٪)، شێوەی ڕووماڵکردنی ئاوێتە دێت، بەڵام لە ماڵپەڕی کەناڵی (العراقية الإخبارية) و بەڕێژەی (٦٤,٨٪) شێوەی ڕووماڵکردنی سادە دێت، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە ماڵپەڕی کەناڵە عێراقییەکە کەمتر کاری لەسەر ڕووماڵکردنی هەواڵی ڕێککەوتنەکە کردووە وەکو پرسێکی گرنگ لە ڕووی خستنەڕووی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەو پرسەوە. بۆ بەرچاو ڕوونی، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦)

خشتەی ژمارە (٦) جۆری ڕووماڵکردنی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق لە ڕووی شێوەوە:

| ماڵپەڕ / جۆری ڕووماڵکردن | Kurdistan24 | | العراقية الإخبارية | | کۆی گشتی | | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| ڕووماڵکردنی سادە | ٣٢ | ٣٢,٩ | ٤٨ | ٦٤,٨ | ٨٠ | ٤٦,٧ | ٢ |
| ڕووماڵکردنی ئاوێتە | ٦٥ | ٦٧,١ | ٢٦ | ٣٥,٢ | ٩١ | ٥٣,٣ | ١ |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ٪١٠٠ | ٧٤ | ٪١٠٠ | ١٧١ | ٪١٠٠ | |

## حەوتەم: ئاراستەی ڕووماڵکردنی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق:

- لەدوای جیاکردنەوەی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی (Kurdistan٢٤) و (العراقية الإخبارية) لە ڕووی ئاراستەی ڕووماڵکردنی هەواڵەکەوە، دەرئەکەوێت بە پلەی یەکەم و بەڕێژەیەکی زۆر بەرز (٩٩,٤٪) بەبێ جیاوازی هەردوو ماڵپەڕەکە بەشێوەیەکی ئەرێنی ڕووماڵ و تاوتوێی پرسی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق ئەکەن، بەو مانایەی تەنیا لایەنە ئەرێنییەکانی بابەتەکە ئەخەنەڕو و لەکۆی (١٧١) هەواڵدا، تەنیا (١) هەواڵیان بەشێوەی نەرێنی و بە ناڕاستەوخۆ باس لەو ڕێککەوتنە ئەکات، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە هەردوو دەزگا میدیاییەکە خۆیان لە ڕەهەندە نێگەتیڤەکانی ئەو ڕێککەوتنە ئەپارێزن و بەهۆی زاڵبوونی سیاسەتە میدیاییەکە و پاراستنی بەرژەوەندیی هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق، ناتوانن ڕووماڵی لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەو پرسە بکەن، ئەمە لەکاتێکدا بەشێک لە پەرلەمانتاران و پسپۆڕانی بواری وزە و دارایی، ئاماژە بە لایەنە نەرێنییەکانی ئەو ڕێککەوتنە ئەکەن، بەڵام لەلایەن ئەو دوو ماڵپەڕەوە ڕووماڵ ناکرێن. بۆ بەرچاوڕوونییزیاتر، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧)

خشتەی ژمارە (٧) ئاراستەی ڕووماڵکردنی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق

| ماڵپەڕ / ئاراستە | Kurdistan24 | | العراقية الإخبارية | | کۆی گشتی | | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| ئەرێنی | ٩٧ | ١٠٠ | ٧٣ | ٩٨,٦ | ١٧٠ | ٩٩,٤ | ١ |
| نەرێنی | ٠ | ٠ | ١ | ١,٤ | ١ | ٠,٦ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ٪١٠٠ | ٧٤ | ٪١٠٠ | ١٧١ | ٪١٠٠ | |

## هەشتەم: کەرەستە میدیاییە بەکارهاتووەکان لە ڕووماڵکردنی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق:

- لەدوای جیاکردنەوەی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی (Kurdistan٢٤) و (العراقية الإخبارية) لە ڕووی کەرەستە میدیاییە بەکارهاتووەکان لە ڕووماڵکردنی هەواڵی ڕێککەوتنەکە، دەرئەکەوێت بە پلەی یەکەم و بەڕێژەیەکی زۆر بەرز (٧٧,١٪) کەرەستەی دەق لەگەڵ فۆتۆ دێت، ئەمەش ئاماژەیەکی تاڕادەیەک ئەرێنییە بۆ خستنەڕووی بابەتی میدیایی لە دیجیتاڵ میدیادا، هاوکات لە پلەی دووەم و بەڕێژەی (١١,٢٪) کەرەستەی گرافیک دێت، کە هەرچەندە ژمارەی بەکارهێنانی گرافیک لە ڕووماڵکردنی ئەو هەواڵەدا بە ئەندازییەکی پێویست نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیە بۆ پلانی هەردوو دامەزراوەکە، بەمەبەستی بایەخدان بەو کەرەستە نوێیەی بواری ڕووماڵکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵدا، ئەوەی جێگای سەرنجە بەکارهێنانی کەرەستەکانی تری میدیایی لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵەدا لەلایەن ئەو دوو ماڵپەڕەوە بە ئەندازیەکی زۆر فەرامۆش ئەکرێت، لەکاتێکدا بەشێکیان هاوشێوەی (ڤیدیۆ و فۆتۆ ئەلبوم و دەنگ)، گرنگیی زۆریان هەیە لە گەیاندنی پەیامی میدیاییدا.

هەر بەگوێرەی ئەنجامی ئەو خشتەیە، دەرئەکەوێت کە جیاوازی لەنێوان ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەدا نییە لە کەرەستە بەکارهێنراوەکان لە ڕووماڵکردنی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق و هەردوو ماڵپەڕ بە ڕێژەیەکی بەرز تەنیا بایەخ بە بەکارهێنانی دەق لەگەڵ فۆتۆ دەدەن، هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە پرۆسەی ئەپلۆدکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ بە ناوەڕۆکی (دەق لەگەڵ وێنە) لە دیجیتاڵ میدیادا، ئاسانتر و خێراترە بەراورد بە بەکارهێنانی گرافیک یان ڤیدیۆ یاخود فۆتۆ ئەلبوم و دەنگ لەگەڵ هەواڵەکاندا. بۆ بەرچاوڕوونییزیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (٨)

خشتەی ژمارە (٨) کەرەستە میدیاییە بەکارهاتووەکانی لە ڕووماڵکردنی هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق

| ماڵپەڕ / کەرەستەکان | Kurdistan24 | | العراقية الإخبارية | | کۆی گشتی | | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| دەق | ٠ | ٠ | ٤ | ٥,٤ | ٤ | ٢,٤ | ٤ |
| فۆتۆ ئەلبوم | ٢ | ٢ | ١ | ١,٤ | ٣ | ١,٧ | ٥ |
| دەق لەگەڵ فۆتۆ | ٦٩ | ٧٠,٢ | ٦٣ | ٨٥,١ | ١٣٢ | ٧٧,١ | ١ |
| ڤیدیۆ | ١١ | ١١,٣ | ٢ | ٢,٧ | ١٣ | ٧,٦ | ٣ |
| کاریکاتێر | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| دەنگ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| لینک | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| گرافیک | ١٥ | ١٥,٥ | ٤ | ٥,٤ | ١٩ | ١١,٢ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ٪١٠٠ | ٧٤ | ٪١٠٠ | ١٧١ | ٪١٠٠ | |

## نۆیەم: هاوسەنگیی لە رووماڵکردنی هەواڵی رێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق:

- لەدوای جیاکردنەوەی هەواڵی رێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق لە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی (Kurdistan٢٤ و (العراقية الإخبارية) لە رووی هاوسەنگیی لە رووماڵکردنی هەواڵی رێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا، دەرئەکەوێت بەبێ جیاوازی و بە پلەی یەکەم و بەڕێژەیەکی زۆر بەرز (٨٠,٧٪)، هەردوو ماڵپەڕەکە لە رێگەی یەک تێڕوانینەوە، ئەو پرسە رووماڵ ئەکەن و تەنیا بە رێژەی (١٦,٩٪) زیاتر لە تێڕوانینێک لەبارەی هەواڵی رێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق ئەخەنەڕوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی هاوسەنگیی لە رووماڵکردنی ئەو هەواڵە گرنگەدا و نیشاندەرێکی روونە کە هەردوو دامەزراوە میدیایەکە ویستیان نییە پرسی رێککەوتنەکە لە رێگەی تێڕوانین و بۆچوونی جیاوازەوە رووماڵ بکەن، هۆکاری نەبوونی ئەو هاوسەنگییەش بۆ وابەستەبوونی هەردوو دامەزراوە میدیاییەکە ئەگەڕێتەوە بە سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێم و بەغداوە، بەو مانایەی خوازیار نین جگە لە تێڕوانینێکی دیاریکراو، هیچ تێڕوانینێکی تر لەبارەی ئەو پرسەوە، تێکەڵ بە رووماڵکردنی هەواڵەکانیان بکەن. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی خشتەی ژمارە (٧) یەک ئەگرێتەوە، کە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە عێراقییەکە بەڕێژەیەکی بەرز و تەنیا بەشێوەی ئەرێنی رووماڵی ئەو هەواڵەیان کردووە و رووماڵی تێڕوانینە جیاوازە نەرێنییەکانیان نەکردووە، لەگەڵ بۆ بەرچاوڕوونییزیاتر، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩)

خشتەی ژمارە (٩) هاوسەنگیی لە رووماڵکردنی هەواڵی رێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق:

| ماڵپەڕ / هاوسەنگیی رووماڵکردن | Kurdistan24 | | العراقية الإخبارية | | کۆی گشتی | | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | |
| ختنەڕووی تێڕوانینێک | ٧٤ | ٧٦,٤ | ٦٤ | ٨٦,٤ | ١٣٨ | ٨٠,٧ | ١ |
| ختنەڕووی زیاتر لە تێڕوانینێک | ٢٠ | ٢٠,٦ | ٩ | ١٢,٣ | ٢٩ | ١٦,٩ | ٢ |
| بەبێ تێڕوانین | ٣ | ٣ | ١ | ١,٣ | ٤ | ٢,٤ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ٪١٠٠ | ٧٤ | ٪١٠٠ | ١٧١ | ٪١٠٠ | |

## - دەرئەنجامی توێژینەوە:

### لەسەر بنەمای ئامانجی رووپێوی شیکاریی، توێژەر بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:

١- ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە ئاسمانییە عێراقییەکە، کە هەریەکەیان بەجیا نمایندەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق دەکەن، تائێستا بەشێوەیەکی بنکۆڵکاری و قووڵ رووماڵی رووداوە سیاسییە گرنگەکان ناکەن و تەنیا بە رووکەشی پەی بە پرسەکان دەبەن و لەهەموو رووەکانەوە کنە و پشکنین بۆ لێکەوتە و وردەکاریی لایەنەکانی پرسە سیاسییەکان ناکەن، بۆ نموونە هەردوو ماڵپەڕەکە لە چوارچێوەی پرسی رێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراقدا، کەمترین گرنگییان بە رووماڵکردنی بابەتی (داهاتە نانەوتییەکان و فیدراڵییەکان و کرێی کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێم) داوە، لەکاتێکدا دوای تێپەڕبوونی تەنیا سێ مانگ بەسەر رێککەوتنەکەدا، ئەو پرسانە بوونەتە کێشەی سەرەکیی لە بەردەم جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە لەچوارچێوەی بودجەی گشتیی عێراقدا.

٢- ئەنجامی شیکردنەوەی رووماڵکردنی هەواڵەکان دەریدەخەن، کە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە لاوازن لە

هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی زانیارییەکانیان و بۆ رووماڵکردنی هەواڵی پەیوەست بە رێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق، بە رێژەیەکی زۆر بەرز پشت بە لێدوان و زانیاریی و بۆچوونی پەرلەمانتارانی عێراق و کوردستان دەبەستن، ئەم دەرئەنجامەش لە رووی کاری میدیاییەوە، نیشانەی لاوازیی دامەزراوە میدیاییەکانە لە بایەخدان بە سەرچاوەکانی تری هەواڵ و بەرهەمە میدیاییەکانیان.

٣- ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە، بە رێژەیەکی بەرز هاوسەنگ نین لە رووماڵکردن و خستنەڕووی کارئەکتەرە سەرەکییەکانی نێو رووداوی رێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق و زۆرترین فۆکەس دەخەنە سەر کەسایەتیی هەردوو سەرۆکی حکومەتی هەرێم و سەرۆک وەزیرانی عێراق و رۆڵ و پێگە و ئەرکەکانی ئەو دوو کەسایەتییەیان بەراورد بە کەسایەتییە حکومیی و سیاسییەکانی تر زەقکردۆتەوە، ئەمەش دەریدەخات کە ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە دەیانەوێت ئەو وێنەیە لای وەرگر بچەسپێنن، کە پاڵەوان و پێشەنگی ئەو رێککەوتنە، تەنیا بریتین لەو دوو کەسایەتییە.

٤- ماڵپەڕی هەردوو کەناڵی (Kurdistan٢٤) و (العراقية الإخبارية) لە گەیاندنی وردەکاریی زانیارییەکانی نێو رێککەوتنەکەی نێوان هەرێم و عێراقدا، بایەخێکی زۆر بە جۆری رووماڵکردنی بەدواداچوون و ئاوێتە ئەدەن، بەو واتایەی بە درێژایی مانگی نیسانی ٢٠٢٣، لە چوارچێوەی ژانری هەواڵدا، بەدواداچوونونی بەردەوام بۆ برگە و ناوەڕۆکی ئەو پرسە کراوە و لە گۆشەنیگا جیاوازەکانەوە کاری میدیایی لەبارەوە ئامادەکردووە و بابەتی رێککەوتنەکەیان پەیوەست ئەکەن بە باگراوند و رەهەندە سیاسی و ئابوورییەکانەوە و لەگەڵ رووداوەکانی پێشوو و پێشهاتە نوێیەکاندا تێهەڵکێشی دەکەن، ئەمەش بە خاڵێکی بەهێزی ماڵپەڕی ئەو دوو کەناڵە دائەنرێت کە کاری بەدواداچوونیان لەسەر بابەتێکی گەرمی رۆژ کردووە.

٥- ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە، خۆیان لەلایەنە نێگەتیڤەکانی پرسی رێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق بەدوور دەگرن، ئەو جۆرە ئاراستەیەش لە کاری میدیاییدا جێگەی گومانە و تەنیا شیکردنەوەیەک لەخۆی دەگرێت کە بریتییە لە بەرگریکردن و پاراستنی سیاسەتی لایەن و دەزگایەکی دیاریکراو و بێبەشکردنی وەرگر لە رووماڵکردنی لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەو پرسە، بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجێکی سیاسیی دیاریکراو.

٦- ئەنجامی شیکردنەوەی رووماڵکردنی هەواڵەکان دەریدەخەن، ماڵپەڕی هەردوو کەناڵەکە سوودیان لە کەرەستە میدیاییەکان نەبینیوە لە رووماڵکردنی هەواڵی رێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق، بەشێوەیەک بە رێژەیەکی زۆر کەم کەرەستە میدیاییە نوێیەکانی بواری دیجیتاڵ میدیای وەک (گرافیک، ڤیدیۆ و فۆتۆ ئەلبوم) بەکاردەهێنن، ئەمەش دەرخەرێکی روونە کە هێشتا ماڵپەڕە هەواڵەییەکانی عێراق، مامەڵە لەگەڵ کەرەستە میدیاییە ئاسان و باوەکان دەکەن و لە گرنگیی کەرەستە نوێیەکانی بواری میدیادا نەگەیشتوون.

٧- شیکردنەوەی هەواڵەکانی ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە عێراقییەکە دەریدەخەن، هاوسەنگیی لە رووماڵکردنی هەواڵی رێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق-یان نەکردووە و بەڕێژەیەکی زۆر بەرز، تەنیا لە یەک تێڕوانینەوە هەواڵەکانیان دەخەنەڕوو، ئەمە لەکاتێکدا تێڕوانینی جیاواز هەیە لەبارەی ناوەڕۆکی رێککەوتنەکە، بەڵام بەمەبەستی سەرخستنی رێککەوتنەکە و گەیاندنی وەکو دەستکەوتێکی ستراتیژیی سیاسی بێ کێشە بە جەماوەر، خۆیان لە رووماڵکردن و بڵاوکردنەوەی تێڕوانینەکانی تر دەپارێزن و کەمترین رووبەری بۆ تەرخان دەکەن.

٨- بەشیکردنەوەی رووماڵکردنی هەواڵەکانی تایبەت بە رێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق دەردەکەوێت کە جیاوازی لەنێوان ماڵپەڕی هەردوو کەناڵە عێراقییەکەدا نییە، لە رووماڵکردنی ئەو پرسەدا، بەوپێیەی جیاوازی

لەنێـوان هـەردوو ماڵپەڕەکـەدا نییـە لـە ڕووەکانـی (چێـوەی کەسـایەتی، سـەرچاوە، کاتـی ڕووماڵکـردن، ئاراسـتە، بەکارهێنانـی کەرەسـتە میدیاییـەکان و هاوسـەنگیی ڕووماڵکـردن) و تەنیـا لـەو بابەتانـەدا جیـاوازن کـە لەچوارچێـوەی پرسـی ڕێککەوتنەکـەدا دەیخەنـەڕوو، لەگـەڵ ڕووماڵکردنـی ڕێککەوتنەکـە لـە ڕووی شـێوەوە، ئەمـەش ئەنجامێکـی ئاسـاییە بـۆ دوو کەناڵـی میدیایـی کـە لـە ڕێچکـەی سیاسـەت و کارنامـەی هـەردوو حکومەتـی هەرێـم و عێـراق لانـادەن، بۆیـە کەمتریـن جیاوازییـان هەیـە لـە ڕووماڵکردنـی هەواڵـی ڕێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و عێراقـدا.

ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

لـە سـۆنگەی ئـەو دەرئەنجامانـەی کـە توێـژەر پێـی گەیشـتووە، کۆمەڵێـک ڕاسـپاردەی زانسـتیی پێشـکەش بـە توێـژەران و خاوەندارێتـی دامـەزراوە میدیاییـەکان ئـەکات کـە بریتیـن لـە:

١- ئامادەکردنـی توێژینـەوەی زانسـتیی زیاتـر لەبـارەی شـیکردنەوەی پەیامـە میدیاییەکانـی نێـوان هەرێـم و عێـراق سـەبارەت بـە پرسـە هەڵپەسـێراوەکانی نێوانیـان.

٢- توێـژەر ماڵپـەڕی کەناڵـە هەواڵەییـە عێراقییـەکان ڕائەسـپێرێت، لـە ڕووماڵکردنـی هەواڵە سیاسـییەکاندا هاوسـەنگیی بپارێـزن و سـوود لـە کەرەسـتە میدیاییـە نوێیەکانـی بـواری دیجیتـاڵ میدیـا ببینـن.

٣- ماڵپـەڕی کەناڵـە هەواڵەییـە عێراقییـەکان، لەگۆشـەنیگای جیاواز و بەخسـتنەڕووی لایەنـە ئەرێنـی و نەرێنییەکانەوە، ڕووماڵـی هەواڵـە سیاسـییەکان بکەن.

## «ملخص البحث»

الهـدف مـن هـذه الدراسـة هـي التقييـم والتحليـل حـول تغطيـة أخبـار الأتفاقيـة السياسـية المبرمـة بـين أقليـم كردسـتان و العـراق في عـام ٢٠٢٣، كقضيـة سياسـية في مواقـع الألكترونيـة لكلتـا الفضائيتـين (Kurdistan٢٤) الكرديـة و (العراقيـة الإخباريـة) العربيـة، مـن حيـث أسـتعمال أشـكال الوصـف واسـتخدام المنهـج المسـحي الـذي تـم مـن خلالـه تطبيـق تحليـل المضمـون عـن طريـق أداة أسـتمارة تحليـل المضمـون، بغـرض معرفـة محتويـات المقاطـع الإعلاميـة التـي توضـح هـذا الأسـتقصاء. وهـذا عـن طريـق اخـذ عينـة غـير عشـوائية عمدية بأسـلوب حـصر الشـامل في أخبـار المواقـع الألكترونية للموقعـين بشـهر نيسـان عـام ٢٠٢٣ التـي كانـت حجـم العينـة (١٧١) خـبرا بخصـوص موضـوع الأتفاقيـة، ومـن هـذا المنظـور وصلـت التحليـلات الى مجموعـة مـن النتائـج، منهـا: تختلـف مواقـع الألكترونيـة للقناتـين في تغطيتهـا لخـبر الاتفـاق بـين إقليـم كردسـتان والعـراق، ولا يغطيـان الأحـداث السياسـية المهمـة بعمـق إلا بشـكل سـطحي. مـع ذلـك يركـز موقـع الألكـتروني للقنـاة الكرديـة في إطـار الإتفاقيـة عـلى مسـألة الموازنـة و رواتـب الموظفـين وإرسـال المسـتحقات الماليـة للإقليـم، عـلى عكـس مـن ذلـك يهتـم موقـع الألكـتروني للقنـاة العـربي عـلى تغطيـة الأتفـاق مـن منظـور تسـليم نفـط الأقليـم الى الحكومـة المركزيـة، مـن ناحيـة أخـرى ركـزت كلتـا الموقعـين عـلى نـوع تغطيـة المتابعـة مـن حيـث التوقيـت وتغطيـة الأخباريـة المركبـة مـن حيـث الشـكل في خـبر إبـرام الأتفاقيـة، أخـيرا موقـع الألكـتروني للفضائيتـين لـن تسـتفيد مـن التقنيـات والمـواد الأعلاميـة الجديـدة مثـل (الجرافيـك والفيديـو وألبـوم الصـور) في عمليـة تغطيـة خـبر إتفاقيـة الأقليـم مـع العـراق.

**الكلمات المفتاحية: التغطية الإعلامية، الخبر السياسي، المواقع الإخبارية، إتفاقية الأقليم وبغداد**

## «Abstract»

The aim of this study is to evaluate and analyze the news coverage of the political agreement concluded between the Kurdistan region and Iraqi government in ٢٠٢٣, as a political issues, on the websites of both the Kurdish (Kurdistan٢٤) and Arabic (Iraqi News) satellite channels, in terms of the use of forms of description and the use of the survey method that was carried out. Through it, content analysis is applied through the content analysis form tool, for the purpose of knowing the contents of the media clips that illustrate this survey. This is done by taking a non-random, intentional sample using a comprehensive inventory method of the news on the websites of the two signatories in the month of April ٢٠٢٣. The sample size was (١٧١) news stories regarding the subject of the agreement. From this perspective, the analyzes reached a set of results, including: The websites of the two channels differ in their coverage. For the news of the agreement between the Kurdistan region and Iraq, they only cover the important political events in depth except superficially. However, the Kurdish channel's website, within the framework of the agreement, focuses on the issue of the budget, employees salaries, and sending financial dues to the region. In contrast, the Arab channel's website focuses on covering the agreement from the perspective of handing over the region's Oil to the central government. On the other hand, both sites focused on the type of Follow-up coverage in terms of timing and complex news coverage in terms of form regarding the news of the conclusion of the agreement. Finally, the two satellite channels websites will not benefit from new media technologies and materials such as (graphics, video, and photo albums) in the process of covering the news of the region's agreement with Iraq.


**Key words: Media coverage, Political news, News websites, Kurdistan and Baghdad agreement**

## سەرچاوەکانی توێژینەوە:

### یەکەم: توێژینەوە بە زمانی عەرەبی:


١- احمد، علم الدين عبداللة (٢٠٠٦): معايير التغطية الأخبارية في التلفزيون، العراق، جامعة بغداد، كلية الإعلام، قسم الصحافة الأذاعية والتلفزيونية، اطروحة دكتوراه منشورة.

٢- بن عودة، موسى (٢٠١٨): القيم الإخبارية في القنوات الفضائية الجزائرية – دراسة تحليلية مقارنة في المضمون والقائم بالإتصال في قنوات (الجزائرية الثالثة، دزاير تي في و قناة الخبر)، الجزائر، جامعة عبد الحميد بن باديس – مستغانم، كلية العلوم الإجتماعية، قسم العلوم الإنسانية، شعبة الأعلام و الأتصال، اطروحة دكتورا منشورة.

٣- تربان، ماجد سالم (٢٠١٢): فن التقرير الصحفي في المواقع الألكترونية الإخبارية الفلسطينية، فلسطين، مجلة جامعة الأقصي (سلسلة العلوم الأنسانية)، المجلد السادس عشر، العدد الثاني، ص ص (١ – ٣٣).

٤- رقاب، سلمى (٢٠١٧): التغطية الإخبارية للأزمة اليمنية من خلال الفضائيات الأجنبية الناطقة باللغة العربية

«فرانس ٢٤ أنموذجا»، الجزائر، جامعة العربي بن مهيدي أم البواقي، كلية العلوم الأجتماعية والإنسانية، قسم العلوم الإنسانية، رسالة ماجستير منشورة.
٥- رحمة، فلاح طاهر (٢٠٢٢): التغطية الاخبارية للأزمات في القنوات الفضائية العراقية (دراسة تحليلية في قناة أي نيوز)، العراق، الجامعة العراقية، كلية الأعلام، مجلة دراسات وبحوث إعلامية، العدد (٨)، ص ص: (٢٤١ - ٢٥٦).
٦- شحاذة، مروان يوسف (٢٠١٩): التغطية الإخبارية للأزمة الخليجية في قناتي الجزيرة و سكاي نيوز العربية (دراسة تحليلية)، الاردن، جامعة الشرق الأوسط، كلية الإعلام، رسالة ماجستير منشورة.
٧- شعبان، أفنان محمد (٢٠٠٨): المضامين السياسية للأخبار في جريدة الصباح اليومية – دراسة تحليلية للمدة بين ٢٠٠٥/٦/١ – ٢٠٠٥/٨/٣١، العراق، جامعة المستنصرية، مجلة أداب المستنصرية، ص ص: (٣٠ - ٥٩).
٨- عاني، أحمد شياع (٢٠١٥): تغطية أخبار الأزمة السياسية العراقية في موقعي الجزيرة و العربية نت، الاردن، جامعة الشرق الأوسط، كلية الإعلام، رسالة ماجستير منشورة.
٩- العبيدي، علي حميد (٢٠١٥): القنوات الفضائية ومبدأ السيادة في العصر الحديث، بغداد، جامعة النهرين، كلية القانون، مجلة كلية الحقوق، العدد (١٧)، ص ص (٢٠٣ – ٢٢٩).
١٠- العزة، مالك رحاب محمود (٢٠١٧): أستخدام تقنيات التلفزيونية الحديثة وتأثيرها علي زيادة متابعة مشاهدة البرامج الأخبارية في التلفزيون الأردني، عمان، جامعة الشرق الأوسط، كلية الأعلام، رسالة ماجستير منشور.
١١- عطا الله، راجية إبراهيم عوض (٢٠١٨): أطر معالجة مواقع الفضائيات الإخبارية العربية والناطقة بالعربية لقضايا الأمن القومي العربي، جامعة القاهرة، كلية الإعلام، شعبة الإذاعة والتليفزيون، أطروحة دكتوراه منشورة.
١٢- علو، حيدر أحمد (٢٠١٨): موضوعات الأخبار في القنوات الفضائية الأخبارية الدولية – دراسة تحليلة مقارنة لنشرات الأخبار التي تقدمها قنوات الحرة و الميادين و روسيا اليوم و BBC عربي، جامعة بغداد، كلية الأعلام، مجلة الجامعة العراقية، العدد (٤١)، المجلد: ٢، ص ص (٥٦٠ - ٥٩٥).
١٣- العواك، حنان عبدالمجيد (٢٠١٦): معالجة القنوات الإخبارية العربية للحرب والصراع في سوريا وعلاقتها بالقلق والخوف لدى عينة من المراهقين، القاهرة، جامعة عين شمس، معهد الدراسات العليا للطفولة، قسم الإعلام وثقافة الأطفال، أطروحة دكتورا منشورة.
١٤- فوزي السيد الشحري، سامح (٢٠٢٢): الأطر الخبرية لتغطية الحرب الروسية الأوكرانية في المواقع الأخبارية المصرية، القاهرة، المجلة العلمية لبحوث الإذاعة والتليفزيون، جامعة القاهرة، كلية الأعلام، العدد ٢٤، ص ص (٢٨٣ - ٢٥٥).
١٥- قاسيمي، أمال (٢٠١٨): دور وسائل الإعلام وتقنيات الاتصال الجديدة في التنمية السياسية تغير للأنساق القيمية وتشكيل للثقافة السياسية، مجلة الرسالة للدراسات والبحوث الإنسانية، العدد (٣)، ص ص (٢٧ - ٣٤).
١٦- مكاوي، ممدوح عبداللة (٢٠١٧): تغطية مواقع القنوات الفضائية الإخبارية الموجهة باللغة العربية للإنتخابات الرئاسية الأمريكية ٢٠١٦م، جامعة القاهرة، المجلة المصرية لبحوث الإعلام، العدد (٥٨)، ص ص (٣٨٢ – ٣١٣).
دووەم: كتێب به زمانی عەرەبی:
١٧- البدراني، فاضل (٢٠١٥): أسس التحرير الصحفي التلفزيوني والألكتروني، ابو ظبي، دار الكتاب الجامعي، الطبعة الأولى.
١٨- الدليمي، عبد الرزاق (٢٠١١): الصحافة الألكترونية والتكنلوجيا الرقمية، عمان، دار الثقافة، الطبعة الأولى.

١٩- شلبي، كرم (١٩٨٩): معجم المصطلحات الأعلامية، القاهرة، دار الشروق، الطبعة الأولى.

٢٠- نجاتي، زين (٢٠٠٤): سياسة الأخبار و أخبار السياسة، القاهرة، مكتبة الشروق الدولية، مصر، الطبعة الأولى.

٢١- همام، طلعت (١٩٨٨): مائة سؤال عن الصحافة، عمان، دار الفرقان للنشر و التوزيع، الأردن، الطبعة الثانية.

٢٢- الهيتي، هيثم (٢٠٠٨): الأعلام السياسي و الأخباري في الفضائيات، عمان، دار أسامة للنشر و التوزيع، الأردن، الطبعة الأولى.

## سێیەم: توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی:

٢٣- Alawneh, Hatem & Al-Zoubi, Areen (٢٠١٩): Coverage Framing of Arab Affairs in Oriented Channels Websites in Arabic: Comparative Analytical Study of BBC And DW New Websites, Association of Arab Universities Journal for Arts, Volume (١٦) Issue (٢), pp. (٧٢١-٧٤٢).

٢٤- Jarrar, Yosra & Akter, Tutku (٢١٨): Framing the Egyptian Uprising by Pan Arab News Networks: Tracing the Protest Paradigm in Al-Jazeera and Al-Arabiya coverage of Egyptian Protests from June ٢٠١٣ to June ٢٠١٤ A Comparative Study, Dirasat, Human and Social Sciences, Volume (٤٥), No. (٤), pp. (٢٥٣ – ٢٧٠).

## - پاشکۆکان:

## پاشکۆی ژمارە (١)

١- پ.د.ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا، بەشی راگەیاندن - کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان – زانکۆی سلێمانی.

٢- پ.ی.د. یەحیا عومەر ریشاوی، بەشی تەکنیکی میدیا - کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی - زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

٣- پ.ی.د. رێبەر گۆران مستەفا، بەشی تەکنیکی میدیا - کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی - زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

- پاشکۆی ژمارە (٢)

هاوکێشەی هۆلستی بۆ دەرهێنانی جێگیری:

$$R=\frac{(C1,C2)2}{C1+C2}$$

R= رادەی جێگیریی

C١,C٢= ژمارەی ئەو برگانەی کە هەردوو توێژەر لەسەری کۆک بوون.

C١+C٢= کۆی ئەو برگانەی کە لەلایەن هەردوو توێژەرەوە شیکاریی کراون.

رادەی جێگیریی لەم توێژینەوەیە بەم جۆرە ئەبێت:

$$\frac{٣٥\times٢}{٤١+٤١} = ٠,٨٥$$